# بیرکردنەوە لە سەردەمی کۆرۆنادا

کۆمەڵەوتارێکی "ناوەخت"

غەزەلنووس
ناوەخت

لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی
ناوەندی **غەزەلنووس**- بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
بەرهەمی دیجیتاڵیی ناوەخت

# بیرکردنەوە لە سەردەمی کۆرۆنادا

## کۆمەڵەوتارێکی ناوەخت

**نووسینی:**

**جۆرجیۆ ئاگامبن، ژان لووک نانسی، سێرجیۆ بێنڤێنیتۆ، ڕۆبێرتۆ ئیسپۆسیتۆ، ماسیمۆ دی کارۆلیس، ئالەن بەدیوو، میشێل فۆکۆ، مەنسوور تەیفووری، هاوار محەمەد، عەدنان حەسەنپوور**

سلێمانی، پشتسەرا، گەراجی پاسەکانی توویمەلیک، باڵەخانەی هۆشیار قەفتان، بازاڕی کتێب
٠٧٧٠٣٥٧٣٧٥٧ www.xazalnus.com xazalnus@gmail.com
/nawandixazalnus

# بیرکردنەوە لە سەردەمی کۆرۆنادا

کۆمەڵەوتارێکی ناوەخت

**جۆرجیۆ ئاگامبن، ژان لووک نانسی، سێرجیۆ بێنڤێنیتۆ، ڕۆبێرتۆ ئێسپۆسیتۆ، ماسیمۆ دی کارۆلیس، ئالەن بەدیوو، میشێل فۆکۆ، مەنسوور تەیفووری، هاوار محەمەد، عەدنان حەسەنپوور**

# پێرست


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ل: ٧ |
| پەتای داهێنراو/جۆرجیۆ ئاگامبن | ل: ١١ |
| سەرنجێک لەسەر وتارەکەی ئاگامبن/ژان لووک نانسی | ل: ١٥ |
| ئاگامبن لەبیر بکەن/سێرجیۆ بێنڤێنیتۆ | ل: ١٨ |
| روونکرنەوە لەسەر یاداشتی پەتای داهێنراو/جۆرجیۆ ئاگامبن | ل: ٢٤ |
| شیفاهاتن تا هەلاکەت/ڕۆبێرتۆ ئیسپۆسیتۆ | ل: ٢٨ |
| هەڕەشەی پەتا/ماسیمۆ دی کارۆلیس | ل: ٣٣ |
| دۆخی پەتاگرتوو/ئالەن بەدیوو | ل: ٤١ |
| فەزای هاوێرگە/میشێل فۆکۆ | ل: ٥٦ |
| وەک دزێک لە نیوەشەودا/هاوار محەمەد | ل: ٦٧ |
| ژیانەوەی سیاسەتی حەقیقی/ | |
| لە سەردەمی کۆرۆنادا/عەدنان حەسەنپوور | ل: ٧٩ |
| دۆخی ئاوارتەی ڕاستەقینە/مەنسوور تەیفووری | ل: ٩١ |

**پێشەکی**

حیکـایەتەکە لە فۆکـۆوە دەسـت پـێ دەکـات. بە بـڕوای فۆکـۆ لە سـەدەی نـۆزدەوە چەقـی ئـارەزووی دەسـەڵات دەگۆڕرێـت لە مەرگەوە بـۆ ژیـان. ئێسـتا ئیـدی بەرەبەرە سیاسـەت دەسـتێوەردانی ژیـان دەکـات و خـۆی لە ژیـانی بایۆلۆژی موتوربە دەکات. گەشەکردنی ئەم دەسـەڵاتە چەند چینێکـی ئـارکیۆلۆژیی هەیە؛ سـەرەتا لە شـێوەی مایکرۆفیزیـادا: گەشـەکردنی کەرەسـتەکانی چـاودێری و دیسـیپلین لە شـوێنە بچـووک و تەنـگەبەر و لێکدابڕێنراوەکانـدا. دواتـر: دیسـیپلینی گشـتی لەسـەر کـۆی ژیانی بایۆلۆژیی دانیشتووان. دواتر: گەشـەکردنی کۆمەڵگای کـۆنترۆڵ. ئەم شـێوازە دەسـەڵاتە لای فۆکـۆ بە "بایۆدەسـەڵات" نـاو دەبرێت، کە هاوکـات جۆرێکی تـریش لە سیاسـەت گەشـە پـێ دەدات کە بـایۆ-سیاسـەتە. بـایۆ-

سیاسەت دەکەوێتە بەرامبەر دەسەڵاتی حاکمییەتەوە، بۆیە پاشا لەسەر عەرشەکەی دەخاتە خوارەوە، بەڵام وەک فۆکۆ دەڵێت هێشتا سەری نەپەڕێنراوە. لای ئاگامبێن نارێکییەکە لێرەدا بوو. مادام سەری نەپەڕێنرا، حاکمییەت سەلامەتە، بەڵام بە ئاویتەبوونی لەگەڵ بایۆ-سیاسەتدا. ئێستا ئیتر حاکمییەت لە ڕێگەی خودی بایۆ-سیاسەتەوە مومارەسە دەکرێت. ڕووبەری ئەم مومارەسەیە لای فۆکۆ جەستە و شوێن و کات و زیندان (هەروەها سەرجەم دامەزراوە زیندانئاساکان) و دواجار بە گشتی ئەو کۆمەڵگایەیە کە سوبێکتی دیسپلینکراو بەرهەم دەهێنێت؛ ئاگامبێن پێی وایە ڕووبەرەکە شتێکی ترە کە فۆکۆ لەبیری چووە یان بە وردی بۆی نەچووە، شتێک کە لە سەدەی بیستەمدا لە ڕوونترین شێوەیدا بینیمان و تا ئێستایش درێژەی هەیە: "کەمپ". ڕاستە فۆکۆ لە "دیسیپلین و سزا"دا ئاماژەیەک بە کەمپیش دەکات، بە تایبەت کەمپی سەربازی، بەڵام لای ئەو تەنیا بەشێکی چکۆلەیە لە فەزاکانی دیسیپلین؛ لای ئاگامبێن کەمپ دەبێتە پارادایمی ڕوونکردنەوەی تێزەکەی دەربارەی حاکمییەت، بۆیە مەسەلەکە بەرهەمهێنانی سوبێکتی دیسیپلینکراو نییە، بەڵکوو بەرهەمهێنانی ژیانی ڕووتە؛ کەمپ فەزای ئەم بەرهەمهێنانەیە. بەڵام بەڕاست چۆنە حاکمییەت لەنێو ئەم هەموو مومارەسە و تەکنیکە نوێیانەی دەسەڵاتدا دەژی و

چۆن دەتوانێت ژیانی ڕووت لەنێو کەمپدا بەرهەم بهێنێت؟ وەڵامەکەی ئاگامبێن هەمیشە یەک شتە: دۆخی ئاوارتە، دۆخێک کە تێیدا یاسا بە گوێرەی خۆی، بە گوێرەی مەرسوومێک کە هەروەک شەرعییەتەکەی وەکوو پەڵەیەکی ڕەش لە نێو خودی یاسادا هەیە، هەڵپەسێردراوە. ئیتر حاکم دەستی کراوەیە بۆ ئەوەی لە هەموو بارێکی نائاسایی و ناکاو، جەنگ و کارەساتی سروشتی، فێستڤاڵی گەورە و پەتادا دۆخی ئاوارتە ڕابگەیەنێت، ئەم شتە هێندە دەڕوا کە ئەم دۆخە خۆی دەبێتە ڕێسا. لێکەوتە سیاسی و سەربازی و تەکنیکییەکانی ئەم دۆخە بەردەوام ڕووبەری دیکەی کەمپ و کەمپئاسا و ژیانی ڕووتی دیکە بەرهەم دەهێنێت، تەلەبەندی تر، دیواری تر، سنووربەندی تر، ڕێسای تر، چاودێریی زیاتر و دەستێوەردانی زیاتر لە ژیانی بایۆلۆژیدا. ڤایرۆسی کۆرۆنا دەرفەتێکی تری داوە بە حاکم. ئەمە ئەو شتەیە کە ئاگامبن وتی و یەک زنجیرە مشتومڕی بەدوادا هات، کە لەم بەرهەمەدا خوێنەر دەتوانێت بە کوردی بیخوێنێتەوە. ئەم مشتومڕە هێشتا بەردەوامە. بەڵام ئەم زنجیرە وتارە بە پێی ناوەرۆکی ڕەخنەیی، کاتی نووسینیان و ئاستی بەشداریی لە مشتومڕە گشتییەکەدا هەڵبژێردروان، مەبەستەکەش لە دەرەوەی " بەشێنەوەی ئاگایی" بە " نەزانان" و کلێشەی لەم جۆرە، جەخت لەسەر

ئەرکــی بیرکــردنەوە لە هەمــوو دۆخێکــدا و ملــنەدان بە سادەکردنەوەی دیاردەکان .

مــاوەتەوە بڵێــین ئەم کۆمەڵەوتــارە کە پێــک هــاتووە لە وەرگێڕانــی هەنــدێک لەو وتــارانەی بیرمەنــدانی ڕۆژئــاوا لەســەر دیــاردەی کۆرۆنــا نووســیویانە (جیــا لە نووســینێکی میشێل فۆکۆ کە لەســەر هــاوێرگە یــان کەرەنتینەیە بە گشــتی و بــۆ تێگەیشــتن لە دونیــای داخــراوی پــاش کۆرۆنــا گەلــێ بەنرخە)، وێڕای چەند وتارێکی دیکەی نووســەرانی کورد، لە لایەن "ناوەخت"ــەوە ئامــادە و بــڵاو دەکــرێتەوە، "ناوەخــت"ماڵپەڕ، گۆڤار و زنجیرەیەک کتێبە و بەشێکە لە پرۆژەکانی ناوەندی غەزەڵنووس لە سلێمانی.

## پەتای داهێنراو

### جۆرجیۆ ئاگامبن

بەرامبەر ئەو ڕێوشوێنە ناکاوە هەڵەشە، نائەقڵانی و تەواو بێپاساوانەی بەرامبەر پەتای کۆرۆنا گیراونەتە بەر، دەبێ لە ڕاگەیاندنەکەی ناوەندی نەتەوەیی لێکۆڵینەوە [ی ئیتالیا]وە دەست پێ بکەین کە دەڵێ "لە ئیتالیا پەتای سارس کۆ ڤی ۲ نییە."

ئەمەش هەموو باسەکە نییە: "لە تووشبوون [بەم پەتا]دا، بەپێی ئەو پێدراوە پەتاناسانەیەی [لە لێکۆڵینەوە] لە دەیان هەزار نموونە دەست کەوتوون، سەدا هەشتا بۆ نەوەدی حاڵەتەکان درمی سووک/نەرم نیشان دەدەن. لە سەدا دە بۆ پانزەی نموونەکاندا، دەکرێ ئاوسانی سی دروست ببێت، بەڵام لە زۆربەی هەرەزۆری حاڵەتەکاندا سووکە و قورس نییە. وا دادەنرێت کە تەنیا سەدا چواری نەخۆشەکان پێویستیان بە خەواندن و دەرمانی جددی هەیە."

گەر ئەمە دۆخە ڕاستەقینەکە بێت، بۆ چی میدیاکان و دەسەڵاتەکان بەپەلەن کەشی تۆقان زاڵ بکەن، کەشێک کە دۆخێکی ئاوارتەی ڕاستەقینە دەهێنێ، هاوکاتی سنووردانان بۆ جووڵان و هەڵواسینی بارودۆخی ئاسایی ژیان و کار لە کۆی هەندێ ناوچەدا؟

دوو شت دەتوانێ ئەم هەڵشەییەمان بۆ ڕوون بکاتەوە:

یەکەم، دیسان هەست دەکەی هۆگرییەکی زێدەگاڤ هەیە بۆ ئەوەی دۆخی ئاوارتە وەک پارادایمی ئاسایی حکوومەت کاری پێ بکرێت. ئەو بڕیار–قانوونەی کە حکوومەت خێرا پشتی گرت "لە بەر مەبەستی سەلامەتی و ئاسایشی گشتی" دەبێتە هۆی سەربازیکردنەوەی "ئەو شارۆچکە و هەرێمانەی تێیاندا لانیکەم یەک کەس تووش بووە و سەرچاوەی تووشبوونەکەی نەناسراوە یان تووشبوونەکە بە هۆی کەسێکەوە نییە کە لە شوێنێکەوە هاتووەتەوە کە پەتاکە لێی داوە". فۆرموولێکی وەها بەربڵاو و نادیار ڕێگە بە تەشەنەی خێرای دۆخی ئاوارتە لە هەموو ناوچەکاندا دەدات، چونکوو شتێکی نزیک لە مەحاڵە کە تووشبونی دیکە لە شوێنی دیکە ڕوو نەدەن.

سەیری ئەو سنووردارکردنەی ئازادی بکەن کە لە بڕیارەکەدا هاتووە: قەدەغەی چوونەدەری هەموو ئەوانەی لە شارۆچکە یان ناوچە تووشبووەکاندان؛ قەدەغەی هاتن بۆ نێو ناوچە یان هەرێمی تووشبوو؛ هەڵواسرانی هەموو

جۆره خۆپیشاندان و چالاكییەک له هەر چەشنێک بێت، بۆنه یان هەر چەشنه فۆرمێكی دیكەی كۆبوونەوه له شوێنی گشتی یان تایبەتیدا، به چالاكیی كولتووری، ڕابواردنی، وەرزشی و ئایینیشەوه، تەنانەت ئەگەر له شوێنی داخراویشدا بن و هەمووان نەتوانن تێیدا بەشدار بن؛ هەڵواسرانی خزمەتگوزارییه پەروەردەییەكانی منداڵان و قوتابخانەكان له هەموو ئاستێكدا، هەروەها چالاكییەكانی دەزگاكانی خویندنی باڵا، جگه خوێندن و وانه له دوورەوه؛ داخستنی كاتیی مۆزەخانه و دەزگا كولتوورییەكانی دیكه و ئەو شوێنانەی دەچنه چوارچێوەی بڕگەی ١٠١ ی كۆدی كەلەپووری كولتووری و سەیرانگەكانەوه، به پێی بڕیاری قانوونیی ڕۆژی ٢٢ی مانگی ژانڤیەی ٢٠٠٤، ژمارەی ٤٢، هەروەها ئەو بڕیارانەی سەبارەت به دەستڕاگەییشتنی ئازادانەن بەم دەزگا و شوێنانه هەڵدەواسرێن؛ هەڵواسرانی هەموو سەفەرێكی پەروەردەیی بۆ وڵاتانی دەرەوه و بۆ ناوخۆی وڵاتیش؛ هەڵواسرانی پرۆسه كۆییەكان و چالاكییەكانی فەرمانگه گشتییەكان، به بێ باس له نرخی خزمەتگوزارییه بنچینیەكان و قازانجی گشتی؛ كار به پێوەری قەرەنتینه و چاودێریی چالاكانەی ئەو كەسانەی له پێوەندیی نزیكدا بووبێتن لەگەڵ كەسانێكدا كه تووش بووبن.

نەگونجــاویی ئەمــانە لەگەڵ ئەو شــتە ڕوونە کە، بە وتەی ناوەندی نەتەوەیی لێکۆڵینەوە، کەمێک لەو پەتاگەلەی هەمــوو ســاڵێک دووبــارە دەبــنەوە زیــاترە. وا دیــارە مــادام تیرۆریســم بـۆ بیـانووی ڕاگەیانـدنی دۆخـی ئـاوارتە نەمـاوە، داهێنـانی پەتـایەک دەتـوانێ بیـانوویەکی پڕ و پتەو بێت بـۆ تێپەڕاندن لە هەموو سنوورێک.

هۆکـاری دووەم، کە ئەویـش هەر بەو ڕادەیە گرنگە، ئەو کەشـی ترسـەیە کە ئاشـکرا ئەم سـاڵانەی دوایـی لە مێشـکی تاکەکاندا زاڵ بووە و لە ڕێگەی پێداویسـتییەکی ڕاسـتەقینەوە خـۆی بـۆ دۆخـی ترسـی بەکـۆمەڵ وەردەگێـڕێ، کە پەتـاکە بووە بیانوویەکی باش بۆی.

بەم جــــــۆرە، لە بــــــازنەیەکی لادەرانە و باتڵــــــدا، ســــنووردارکردنی ئــــازادی، کە حکــــوومەت دایســــەپاندووە، بەنــــاوی ئــــارەزووی بــــۆ ئاسایشــــەوە وەردەگیرێــــت، ئەو ئــــارەزووەی کە دەســــتکردی هەر ئەو حکوومەتــــانەیە کە ئێستە دێن تێری بکەن.

**وەرگێڕانی مەنسوور تەیفووری**

سەرچاوەی ئەم وەرگێڕانە:
https://paris-luttes.info/coronavirus-et-etat-d-exception-13579?lang=fr

## سەرنجێک لەسەر وتارەکەی ئاگامبن

### ژان لووک نانسی

جۆرجیـۆ ئاگـامبن کە هـاوڕێیەکی دێرینـی مـنە، دەڵـێ ڤایرۆسـی کۆرۆنـا کەمێک لە هەڵامەتێکی ئاسـایی جیـاوازە. بەڵام بیـری نیـیە کە بـۆ هەڵامەتـی "ئاسـایی" دەرزییەکـی کوتانمان هەیە و سەلماویشە کاریگەریی هەیە. [کەچی] هەر ئەم دەرزیـیەش دەبـێ هەمـوو سـاڵێک لەگەڵ گـۆڕان و بازدانی ڤایرۆسەکەدا بگونجێنرێتەوە. هەڵامەتی "ئاسایی" لە چەند کەسێک زیاتر ناکوژێت و، کۆرۆنا، کە هیچ کوتانێکی بۆ نەدۆزراوەتەوە، بە ئاشکرا زۆر زیاتری پێ دەکوژرێت. جیـاوازییەکە (بەپێـی هەنـدێ سـەرچاوەی وەک ئەوانەی ئاگامبن) "یەک بە سی"یە: ئەمە شتێکی سووک و سانا نییە، جێگەی خوێندنەوە و تێڕامانە.

جۆرجیۆ دڵنیامـان دەکاتەوە کە حکوومەتەکان هەموو شتێک دەکەنە بیانوو بۆ ئەوەی دۆخی ئاوارتە بەرپا بکەن. بەڵام بیـری نیـیە کە ئـاوارتە دەبێـتە ڕێسـا، ئەویـش لە دونیایەکـدا کە پێوەنـدیکردنی تەکنیکـی بە هەمـوو

جۆرەکانیەوە (شوێنگۆڕین، گواستنەوە، ئاڵوگۆڕ و هەموو گۆڕینەوەی مادە و کەرەستە و هتد) گەشتووەتە ڕادەیەک کە تا ئێستە نموونەی نەبووە و لەگەڵ ژمارەی جەماوەریشدا هەڵدەکشێت. زۆربوونی ئەمەش لە وڵاتانی دەوڵەمەنددا تەمەندرێژی و هەڵکشانی ژمارەی کەسانی تەمەنداری لەگەڵ خۆی هێناوە، کە بە گشتی ئەم کەسانە زیاتر مەترسییان لەسەرە.

نابێ لێمان تێک بچێت دەمانەوێ کام نیشان بپێکین: کۆی شارستانییەتێک کەوتووەتە کێشەوە، ئەمەش گومان هەڵناگرێت. جۆرێک ئاوارتەی ڤایرۆسی -بیۆلۆژیک، ئەنفۆرماتیک، کولتووری- هەیە کە لە هەموومان دەدا. حکوومەتەکان لەم ناوەدا تەنیا هەندێ جێبەجێکەری خەمبارن و هەڵکوتانە سەریان و بەستنەوەی بەوانەوە زیاتر لە تەکانێک دەچێت بۆ خۆلادان، تاکوو ڕامانێکی سیاسی.

وتم جۆرجیۆ هاوڕێیەکی دێرینمە. بەداخەوەم باسی بیرەوەرییەکی شەخسی بکەم، بەڵام دەیکەم لەبەر ئەوەی جۆرێک ڕامانی گشتیی تێدایە. نزیکی سی ساڵ پێش ئێستە پزیشکەکان وتیان پێویستە دڵم بۆ دابنرێت. جۆرجیۆ یەکێک بوو لەو دەگمەن کەسانەی پێی وتم گوێیان نەدەمێ. گەر بە قسەی ئەوم کردبا زۆر زوو مردبووم. دەتوانین بە هەڵەدا

بچـین. ئەمە هـیچ لەوە کەم ناکـاتەوە کە جۆرجیـۆ گیـان و هــزرێکە بە ناســکی و وردی و وریــاییەکی -بــێ تــانە و تەشـەر- ئاوارتەوە.

**وەرگێڕانی مەنسوور تەیفووری**

سەرچاوەی ئەم وەرگێڕانە:
https://www.lautrequotidien.fr/new-
/giorgio-agamben-clarifications-propos-١٧/٣/٢٠٢٠blog/
١٩du-covid-

## ئاگامبن لەبیر بکەن

### سێرجیۆ بێنڤێنیتۆ

کـاردانەوەی خێـرای دەسـەڵاتداران (نەرمەدەربڕینێکـی ماقووڵ بۆ پێناسەکردنی نیۆ-فاشیستەکان) بە ڕووی پەتـای کرۆناڤایرۆسدا، ڕێک ڕەنگدانەوەی هەمـان ئەو چاوەڕوانییە بـوو کە هەمووومـان لە بێگانەفۆبیاکـان چاوەڕوانمـان دەکرد: داخستنی سنوورەکان و هاوشوناسکردنی کۆڤید ١٩ لەگەڵ بێگانەکانـدا. ئەمە ئەوەیە کە ترەمـپ کـردی لە ڕێـگەی ڕاگرتنـی پەیوەنـدییەکان لەگەڵ ئەوروپـادا بەبـێ ئەوەی لە نـاوخۆدا هـیچ کارێـک ئەنجـام بـدات. ]گـوایە[ مەترسـییەکە هەمیشە لە دەرەوە هاتووە و هەرگیز لە ناوەوە نەبووە .

دەوتـرا کە ئەم پەتـایە جـێ بە نیـۆ-فاشیسـتەکان لێـژ دەکات (لەوانە ترەمپ، جۆنسۆن، سـالڤینی، ئۆردوگـان، ...). لە ڕاسـتیدا، هەنـدێ حـاڵەت و دیـاردە هەن کە دەشـێت هەرکەسێک تووشی ببێت، لەم حاڵەتـانەدا ئیدی مەترسـییەکە لە دەرەوە نیـیە -ئەفریقـا، چـین، موسـوڵمانان و هیتـر- تەنـانەت لە گروپێکـی دیـکەی نێـو ئەوانەوە نیـیە کە بشـێت

ناوی لی بنرێت یان دیاری بکرێت، گروپێک کە بشێت وەکوو جوولەکەکان بۆ ماوەی چەندین سەدە لە ئەوروپادا هەڵاوێردرێن. مەترسییەکە لە هەموو شوێنێکە، تەنانەت لە منداڵێکدا، لە باپیرە و داپیرەدا و لە مەعشووقیشدا... وەکوو ماسیمۆ گیانینیی ڕۆژنامەنووس وتوویەتی: "ئێمە لە مەترسیدا نین، بەڵکوو خۆمان مەترسییەکەین". لێرەوە جیاوازیبە بنچینەییە جیاکەرەوەکانمان لە بوونە "ئێشمیت"ییەکەمان وەکوو ئاژەڵی سیاسی –ئێمە دژ بەوان، من دژ بەو– دادەڕمێت و ئینجا هەمووومان بە یەکسان دەبینە مەترسی، چیتر قەرەجێک لە کچەکەی خۆم مەترسیدارتر نییە، هەر بۆیە پۆلێنبەندییە ڕاسیستییەکان تووشی جەڵدەی مێشک دەبن و هەموو توانای ڕێکخستن و هەستبزواندنی خۆیان لەدەست دەدەن .

لەم وێنە و کەشەدا دەربەستی ئەوە نیم کە چەندین وڵات [ڤیزەی] شینگنیان هەڵپەساردووە و وەستاندوویانە. لەوە نیگەرانکەرتر ئەوەیە کە هەر وڵاتێک دەرگای خۆی بە ڕووی وڵاتانی تردا دابخات، لە ڕاستیدا ئەم داخستنە تەنیا یەکێکە لەو چەندەها داخستنەی لە هەموو ئاستەکاندا ڕوو دەدات: هەر هاووڵاتییەک خۆی بەسەر ئەوانی تردا دادەخات .

فەیلەسووفی دیار و بەناوبانگ، جۆرجیۆ ئاگامبێن (هەر لەم ڕوانگەیەوە) نووسیویەتی :

بە بـــڕوای مـــن، تەنـــانەت خراپتـــر و دڵتەزێنتـــر لەو ســـنووردارکردنەی ئـــازادی کە لە حوکمەکانـــدا هـــاتووە، هەرەســـهێنانی پێوەنـــدییە مرۆییەکـــانە کە ئەو حوکمـــانە دەتـوانن بەرهەمـی بهێنن. ئەویتـر، جـا هەرکەس بێت، نـابێ هەڵسـوکەوتی لەگەڵ بکـرێ یـان لەمـس بکرێـت، تەنـانەت پێویستە بە هەر ڕێگەیەک کە بۆت گونجاوە، بە مەودایەکی دیاریکراو لێی دوور بکەویتەوە کە بە بڕوای هەندێک دەبێت یەک مەتـــر کەمتـــر نەبێـــت، بەڵام بە گـــوێرەی دوایـــین ڕێنماییەکانی پسپۆڕەکان دەبێت ٤.٥ مەتر بێت (ئەو پەنجا سانتیمەترە زیادکراوە شایەنی لێوردبوونەوەیە) ئاوا ئیدی هاوڕێکەمان سڕدراوەتەوە.

ئەستەمە خەیاڵی ئاوا کاردانەوەیەکی ڕووکەش بکەیت. لە ڕاستیدا پەتاکە ئەو کڵێشەیەی ئاوەژوو کردەوە کە دەڵێ ئەگەر من هاوڕێکەمم خۆش بوێت دەبێ لە باوەشی بگرم، ماچی بکەم، یان وەک عاشقە و ماشقە لێی بئاڵێم... لەمڕۆدا مـن بەوە خۆشەویسـتیی خـۆم بـۆ ئەویتـر دەردەبـڕم کە خـۆمی لــێ دوور بگـرم. ئەمە ئەو پارادۆکسـەیە کە پێکـڕا هەموو چوارچێوە ئایدیۆلۆژیکە تەمبەڵەکانی چەپ و ڕاست (ئایدیۆلۆژیا نەک بە مانا مارکسییەکەی) هەرەس پێ دێنێت، ئیتر با هەر لە پۆپۆلیستەکانیش گەڕێین.

ئەو پڕوپاگەنـــــدە چاکســـــازیکراوەی هەنـــــدێ لە سیاسـەتمەدار و میـدیاکان، [هاوکـات] هەم پەنـا دەبـاتە بەر

هەستی خۆپەرستیمان و هەم هەستی خۆنەویستیمان و هەمیش هەستی مرۆڤدۆستیمان: "ئەگەر تۆ ئەویتر لە خۆت دوور ڕابگریت، ئەوا ئەو دەپارێزیت، بەڵام خۆیشت هەروا". ئێستا پێدەچێت ئەمە بە هیچ کلۆجێک ڕاست نەبێت. هەمووان دەزانن کە دەشێت خەڵکی گەنجیش وەک هەر کەسێکی تر تووشی پەتا ببن، بەڵام ]لەم حاڵەتەدا[ ئەوان زۆر بە دەگمەن نەخۆش دەکەون؛ هەروەها هەمووان دەزانن کە ئەم پەتایە پیرکوژە و ئەو کەسانە پتر مەترسییان لەسەرە کە لە سەرووی ٦٥ ساڵەوەن .

هاوڕێیەکی گەنجم لانیکەم سێ مەتر دوورم لێ دەگرێت و زەردەخەنە دەکات. من ئەم نا-ژێستە ی ئەو زۆر بەهەند وەردەگرم، چونکە دەزانم بەمە هەوڵ دەدات من بپارێزێت؛ چونکە من کابرایەکی بەساڵاچووم. هەڵبەت ئەوەیش ڕاستە کە کەسە بەتەمەنەکانی نێو خێزانەکەی خۆیشی هەر بەم چەشنە دەپارێزێت: باوکی، دایکی... هیتر. بەڵام بەهەرحاڵ، من منەتباری ئەوم. هەتا ئەوانی تر زیاتر مەودام لێ وەربگرن، هەست دەکەم لێیان نزیکترم. هەر لەبەر ئەمەیە کە ئاگامبێن نەیتوانیوە بە تەواوی لە هەموو ئەو شتانە بگات کە لە ئاستە وردەکانی پەیوەندییە مرۆییەکان دا دەگوزەرێت .

بە پێچەوانەوە، لەم چەند ڕۆژەدا تووشی هەندێ کەس بووم کە ڕەچاوی ئەو مەودای سەلامەتییەیان نەدەکرد و

بگــره نه دەستکێشــیان لەدەســت بــوو و نە دەمامکیــان بەســتبوو؛ ئەوان دوودڵیــی خۆیــان ســەبارەت بە ئاســتی مەترسـیداربوونی نەخۆشـییەکە دەردەبـڕی. دەکـرا لە کـۆی بەڵگانــدنەکانیانەوە ئەوە هەڵێنجێــنم کە ئەوان لە بنەڕەتــدا کەســانی ڕەشــبین و دواجــار دژەکــۆمەڵایەتین . لەوڕۆدا کۆمەڵدۆستی بریتییە لە دووربوون لە کۆمەڵگا.

لە زســتانی پارســاڵدا لە ئیتاڵیــا ٨٠٠٠ کەس بە هــۆی کێشــەی گەرووەوە بە ئەنفلــۆنزا مــردوون و زۆربەیشــیان بەســاڵاچوو بــوون. ئەمســاڵ بە ڤایرۆســی کرۆنــا تێکــڕای مــردن ڕەنــگە بگــاتە ٢٠ بــۆ ٢٥ هەزار کەس، واتە ســێ هێندەی ژمارەی "ئاسـایی" قوربانییەکان کە بە زۆری هەر لە پیرەکانن. ئایا بۆمان هەیە بڵێین چونکە ئەم ڤایرۆسە تەنیا سـێ هێـندەی نەخۆشـیی وەرزانە خەڵـک دەکوژێت، کە وایە حەق بە ئاگامبێنە کە دەڵێت ئەم پەتایە داهێنراو و ساختەیە؟ نەخێـر. چـونکە ئەمە ڤایرۆسـێکی نەناسـراوە کە تەنـانەت دەشـێت دەرئەنجـامی کارەساتبارتریشــی لــێ بکەوێــتەوە. هەمــــوو ئەو کــــارانەی کە دەکــــرێن و هەمــــوو ئەو ڕێوشوێنانەی کە دەگیرێنە بەر، هەرهەموو بۆ بەرپێگرتن و خۆپاراستنن. لە هەمووشـی گرنگتر ئەوەیە کە کۆمەڵگەکانی ئـێمە پێیـان قبـووڵ نـاکرێ لەخـۆڕا سـێ هێنـدەی ژمـارەی مردنــی ئاســایی زســتانە، خەڵــک بمــرن. ئەمە بژاردەیەکــی بایۆ-سیاسییە -کە هاوکات بژاردەیەکی ئەخلاقییشە .

گەمەجارێکی گرۆتێسکئاسای وەک بۆریس جۆنسن بە خەڵکی بەریتانیا دەڵێ "خۆتان ئامادە بکەن بۆ لەدەستدانی ناوادەی ئازیزانتان". ئەی بۆچی ئاماژەی بە مردنی خودی بەردەنگەکانیش نەکرد؟ بۆچی نەیوت "ئامادە بن ژیانتان لەدەست بدەن؟". وەک بڵێی مەرگ هەمیشە مەرگی ئەوانی ترە. ڕەنگە مەبەستی ئەوە بووبێت کە "ئامادە بن پیرەکانتان لەدەست بدەن...". بۆ بۆریس جۆنسن ئەوەی دەمرێ یا نیشانەکانی مردنی تێدایە، چیتر شایەنی باس نییە، تەنانەت ئیتر بۆ ئەوەش نابێ وشەی "تۆ"ی بۆ بەکار بهێنرێت. ئیتاڵیا بژاردەیەکی جیاوازتری هەڵبژارد: هاوێرگە و فەلەجبوونی ئابووری لە پێناو پاراستنی هاونیشتمانییە بەساڵاچووەکانیدا، لە نێویاندا دەتوانین ئاگامبێنیش ببینینەوە کە لەدایکبووی ١٩٤٢ـە. بەلای منەوە ئەم بەرگرییە بەهێزە لەوانەی کە کاتێکی زۆریان بۆ ژیانکردن لە بەردەمدا نەماوە، کارێکی پاڵەوانانەیە .

**وەرگێڕانی هاوار محەمەد**


سەرچاوە :

Sergio Benvenuto: Forget about Agamben.
https://www.journal-psychoanalysis.eu/coronavirus-and-philosophers/

## ڕوونکرنەوە لەسەر یاداشتی پەتای داهێنراو
### جۆرجیۆ ئاگامبن

ترس ڕێنوێنێکی خراپە، بەڵام گەلێک شت ئاشکرا دەکات کە حەز بە بینینی ناکرێ. کێشەکە ئەوە نییە ڕایەک سەبارەت بە ئاستی نەخۆشییەکە دەرببڕیت، بەڵکوو گرنگ پرسیارە لە ئاکامە ئەخلاقی و سیاسیەکانی. یەکەم شت کە ئەو شەپۆلی ترسە دەری خستبێت -کە بە ئاشکرا وڵات[ ی ئیتالیا]ی فەلەج کرد- ئەمەیە کۆمەڵگای ئێمە چیدی جگە ژیانی ڕووت بڕوای بە هیچ شتێکی دیکە نییە. ئاشکرایە ئیتالییەکان ئامادەن بە کردەوە هەموو شتێک -هەلومەرجی ژیانی ئاسایی، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کار، تەنانەت هاوڕێیەتییەکان، سۆز و باوەڕە ئایینی و سیاسییەکان- بکەن بە قوربانیی ترس لە نەخۆشکەوتن. ژیانی ڕووت- و مەترسیی دۆڕاندنی- شتێک نییە کە خەڵک یەک بخات، بەڵکوو کوێریان دەکات و لێکتریان جیا دەکاتەوە. بوونەوەری مرۆیی دیکە، وەک ئالێساندرۆ مانزۆنی لە ڕۆمانەکەیدا سەبارەت بە تاعوون دەیڵێت، چیدی تەنیا وەک

بــــڵاوکەرەوەی شـــــیمانەیی تـــاعوون ســـــەیر دەکــــرێن، [ کەســـانێک] کە پێویســـتە هەر چیــت کــردووە خۆتیــان لــێ بپارێزیت و لانیکەم مەترێک لێیان دوور بیت. مردووەکان – مردووەکانمــان– مــافی پرســـە و بـۆنەی ناشــتنیان نیـیە و نـازانین تەرمــی کەســە نزیکەکانمــان چییــان بەســەر دێـت. دروابسێکەمان [و درواسێییەتی کە لە نەریتی مەسیحیدا داوا دەکرێ چاکەی پێش چاکەی خۆت بخەیت] هەڵوەشاوەتەوە و ســـەیرە کەنیســـەکان لەســـەر ئەمە بێــدەنگ بمێنـنەوە. لە وڵاتێکدا کە ڕا بێت بەوەی  بۆ ماوەی نازانم چەند وەختی دیکە بەم جۆرە بژی، پێوەندییە مرۆییەکان چییان بەسەر دێت؟ کۆمەڵگایەک کە هیچ بەهایەکی دیکەی نەبێت جگە لە زیندوومانەوە، چییە؟

شــتێکی دیــکە، کە پەتــاکە بە ڕوونــی دەری خســت و کەمتر لەوەی یەکەمیش بە نیگەرانی ناشیٚ، ئەمەیە دۆخی ئــاوارتە، کە دەمــێکەیە حکوومەتەکــان ئێمەیــان لەگەڵــی ڕاهێنـاوە، بەراستی بـووەتە دۆخـی ئاسـایی. لە رابـوردوودا پەتــای لەمە گەورەتــر هەبــوو، بەڵام هــیچ کەس بیـری لەوە نەکــردووەتەوە بە هــۆیەوە دۆخـــی ناکـــاوی وەک ئەوەی ئێســتە رابگەیەنێـت، ئەوەی ناهێڵێـت تەنـانەت بشـجووڵێین. خەڵکـان هێنـد ڕا هـاتوون لە بـارودۆخی قەیـران و ناکـاویی بەردەوامــدا بــژین، کە وا دیــارە نەک هەســت بەوە نــاکەن ژیانیـان بە  هەمـوو رەهەنـدە کۆمەڵایەتی و سیاسـییەکانەوە

بـۆ دۆخێکـی پـاک بیۆلۆژیـک دابەزێنـراوە، بەڵکـوو ئەمە ڕەهەنــدە مرۆیــی و سۆزدارییەکانیشــی گرتــووەتەوە. کۆمەڵگــایەک کە لە دۆخــی ناکــاوێکی هەمیشــەییدا بــژی ناتوانێ کۆمەڵگایەکی ئازاد بێت.

ســەیر نیــیە بــۆ ڤایرۆســەکە باســی شــەڕ دەکەن. پێوەرەکانی دۆخی ناکاو مەجبوورمـان دەکەن لە بارودۆخی قەدەغەی هـاتوچۆدا بـژین. بەڵام شـەڕ لەگەڵ دوژمنێکـدا کە دەتـوانێ لە هەمـوو کەسـێکی دیـکەدا خـۆی بشـارێتەوە، بێمانـاترین شـەڕە. لە ڕاسـتیدا باسـەکە شـەڕێکی نـاوخۆیە. دوژمن لەدەرەوە نییە، لە نێو خۆماندایە.

ئەوەی جێگەی نیگەرانییە، هێندە یان هەر ئەو شتە نییە ئێسـتە ڕوو دەدات، بەڵکـوو ئەوەیە کە بە دوایـدا دێـت. وەک هەموو جار کە شـەڕەکان میراتێکیـان بۆ سـەردەمی ئاشـتی بەجـێ هێشــتووە، [واتە] ڕیزێـک تەکنۆلۆژیـای شــووم، لە تەلبەنـدەوە تـاکوو ناوەنـدە ناڤۆکییەکـان، زۆریـش بـۆی هەیە [ئەم جـارەش] حکوومەتەکـان هەوڵ بـدەن ئەو کـۆنترۆڵە بەربـڵاوەی ســەر خەڵـک درێـژە پـێ بـدەن، کە ئەم خـولە ناکــاوەی تەندرووســتی هەلــی تــاقیکردنەوەی بــۆ ڕەخســاندوون: داخســتنی زانکــۆ و قوتابخانەکــان و کـورتکردنەوەی کـڕین بـۆ ئـۆنلاین، ڕاگرتنـی یەکجـارەکیی کۆبـوونەوە و ڕاگرتنـی قسـەکردن لە بـابەتی سیاسـی یـان کولتـووری و، [ قەنـاعەتکردن] تەنیـا بە گـۆڕینەوەی پەیـامی

دیجیتاڵی و، تا پێیشیان بکرێت، دانانی ماشینەکان لە جێگەی پێوەندی و کۆنتاکت –" گواستنەوە"–ی نێوان مرۆڤەکان .

جۆرجۆ ئاگامبن، ١٧ ی مارسی ٢٠٢٠

**وەرگێڕانی مەنسوور تەیفووری**

سەرچاوەی وەرگێڕانی کوردی:
https://www.lautrequotidien.fr/new-
/giorgio-agamben-١٧/٣/٢٠٢٠blog/

١٩clarifications-propos-du-covid-

## شیفاهاتن تا هەلاکەت

### ڕۆبێرتۆ ئیسپۆسیتۆ

لەو دەقەدا کە نانســـــی نووســـــیویەتی، هەمـــــوو ئەو ئەدگارانە دەبینم کە هەمیشــە ئەویـان پێ دەناسـرێتەوە —لە نێویاندا بە تـایبەت بەخشـندەییەکی فیکری کە لە ڕابوردوودا کــاریگەریی لەســـەر منــیش هەبــووە و ئیلهــامی زۆرم لە بیرکــردنەوەیەوە وەرگرتــووە، بە تــایبەتییش لە کارەکەمــدا ســەبارەت بە "جڤاتەکــان" . ئەو خــاڵەی کە دیالۆگەکەمــانی پچڕانــد دژایەتیــی سەرســـەختانەی نانســـی بــوو لەگەڵ پــارادایمی بایۆپۆلەتیکـدا کە هەمیشــە دژی وەســتاوەتەوە و وەک لەم تێکستەشـــدا دەردەکەوێـــت، پێـــی وا بـــووە ئەم پــارادایمە لەگەڵ کۆدەزگــای تەکنۆلۆژیکـدا دژایەتیـی هەیە و ئەم دووانە بە ناچـــاری هەر لە ناکۆکیـــدان. لە ڕاســـتیدا هەرچەنـدە خـودی وشــەی "ڤیـراڵ "]سـەندرۆمی ڤایرۆسـی[ هێما بۆ ژاراوییبوون یان بۆ تەشەنەسـەندنێکی بـایۆپۆلەتیکی دەکـــات لەنێـــوان چەنـــد زمـــانی جیـــاوازدا —سیاســـی، کــۆمەڵایەتی، پزیشــکی و تەکنۆلــۆژی- کەچـــی لە هەمـــان

شـــوێنەوار (کـۆ-نیشــانە)ی سیســـتەمی بەرگریــدا یەکیــان گرتـــــووەتەوە، کە مەبەســـــت لەمەش ئەوەیە کە وەکــــوو جەمسەرگیرییەکی وشـەناسییانە، لە لێکدژییەکدا بکرێتەوە بە گژ فەرهەنگی زمـانەوانیی جڤاتییـانcommunitas ـەدا. ئەگەرچـــی دێریـــدا خـــۆی وتەزای بەرگریکردنـــی زێـــدە و بەربـــڵاوی بەکـــار هێنـــاوە ]بەهێزکردنـــی زیـــاد لە ڕادەی سیستەمی بەرگری یان ئیمەنیی سیسـتەم[ ، ]بەڵام[ پێدەچی هۆکـــاری خۆبـــواردنی نانســـی لە باســـکردنی پـــارادیمی بایۆپۆلەتیک، ئەو دڕدۆنگی و گرژییە بێت کە بەرامبەر فۆکۆ هەیبـوو و ئەمەشــی لە دێریـداوە وەرگرتـووە. بە هەرحـاڵ، ئێمە خەریکین باسی سێ گرنگترین فەیلەسووفی هـاوچەرخ دەکەین .

ڕاســـتییەکی حاشـــاهەڵنەگرە هەرکەس لەم ڕۆژگـــارەدا توانــای بینینــی هەبێـت، ناتوانێـت نکـوڵی لە تەشەنەســەندنی بەردەوامــی بایۆپۆلەتیـک بکـات. لەمـڕۆدا هەمـوو ملمـلانـێ سیاسـییەکان، هەر لە دەسـتێوەردانی بـایۆتەکنۆلۆژییەوە لەو بـوارانەدا کە دەشـێت بە بـواری ئێجگـار سروشـتی دابنـرێن، وەکوو لەدایکبـوون و مـردن، تـاکوو دەگـاتە بـایۆتیرۆریزم و بەڕێوەبردنی پەنـابەری و پەتـای کەمتـازۆر جیددی، هەمـوو پێکــڕا لە کرۆکـــی پەیوەنـــدیی نێـــوان سیاســـەت و ژیـــانی بایۆلۆژیـــدان. بەڵام ئەم گەڕانەوەیە بـــۆ فۆکـــۆ لە خۆیـــدا پێویستە وامان لێ نەکـات مۆرکە مێژووییە تایبەتمەنـدەکەی

دیاردەی بایۆپۆلەتیک فەرامۆش بکەین. یەکەم شت، وەک فۆکۆ دەیکات، بانگەشەی ئەوەیە کە لە ماوەی ئەم دوو سەدە یان دوو سەدە و نیوەی کۆتاییدا، سیاسەت و بایۆلۆژیا هەتا بێ زیاتر و لە هەر وەختێک پتەوتر تێکەڵی یەکتر بوون و ئەمەیش گەلێ دەرئەنجامی کێشەدار و هەندێ جار کارەساتباریشی لێ کەوتووەتەوە. شتێکی دیکە بریتییە لە ئاوێتەبوون و لەیەکداتوانەوەیەکی بەراوردهەڵنەگری ڕووداوەکان و ئەزموونەکان. لای خۆمەوە دەمەوێت خۆ لە بەراوردکردنی زیندانی تەواو ئاسایشمەند و هاوێرگە ]کەرەنتینە[یەکی دوو حەفتەیی لە دەشتەکانی "پۆ" بپارێزم. بێگومان لە ڕوانگەی یاساییەوە، ڕاگەیاندنی مەرسوومی دۆخی ناکاو دەمێکەیە تەنانەت بەسەر ئەم جۆرە بارودۆخانەیشدا پیادە دەکرێت، کە تێیدا هیچ پێویستییەکی ڕەها بۆ ناچارکردنی سیاسەت بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی ]دۆخی[ ئاوارتە، کە ڕەنگە تا ڕادەیەکی زۆر تەرازووی هێز لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتی جێبەجێکار بشکێنێتەوە، بوونی نییە. بەڵام بە ڕای من لانیکەم زێدەڕۆیی یان زێدەگۆییەک لەو قسانەدا هەیە کە سەبارەت بە مەترسییەکانی سەر دیموکراسی لەم ڕەوشەی ئێستادا دەکرێت. لام وایە پێویستە هەوڵ بدەین ئاستەکان لە یەکتر جیا بکەینەوە و لەنێوان پرۆسێسە ماوەدرێژەکان و ڕووداوە تازەکاندا جیاکاری بکەین.

سەبارەت بەوەی یەکەمیان، سیاسەت و پزیشکی لانیکەم بۆ ماوەی سێ سەدەیە لە چەندین ڕووەوە تێکەڵ بە یەکتری بوون، ئەمەیش دواجار هەردووکیان دەگۆڕێت. لە لایەکەوە ئەمە پرۆسەی پزیشکاندنی سیاسەتی لێ دەکەوێتەوە کە بە ڕواڵەت خۆی لە هەرچەشنە سنوور و بەربەستێکی ئایدیۆلۆژیک ڕزگار کردووە و بەردەوام زیاتر و زیاتر خۆ تەرخان دەکات بۆ شیفادانی هاوولاتییان لەو مەترسییانەی کە زۆرجار باسیان کراوە و جەختیان لەسەر کراوەتەوە. لە لایەکی ترەوە، ئێمە شاهیدی سیاسەتاندنی پزیشکین ، کە لێرەدا ]کایەی پزیشکی[ دەخرێتە خزمەتی هەندێ لە ئەرکەکانی کۆنترۆڵی کۆمەلایەتییەوە کە [لە ڕاستیدا] هیچ پێوەندییەکیان بە ئەرکە ڕاستەقینەکان [ی پزیشکی]یەوە نییە –ئەمە جیاوازی و دژایەتیی قووڵی ئەو کۆمەڵە خەملاندن و مەزەندەکردنانەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ڤایرۆسناسەکان سەبارەت بە سروشت و ئاستی مەترسیداریی ڤایرۆسی کرۆناوە دەیخەنە ڕوو. هەردووکی ئەم مەیل و ڕوانینانە، واتە پزیشکاندنی سیاسەت و سیاسەتاندنی پزیشکی، فۆڕمی سیاسەت بەراورد بە ناسنامە کلاسیکییەکەی دەشێوێنن. هەروەها بە هۆی تایبەتمەندیی بەئۆبێکتکردنەوە چیتر دەرکی تاکەکەسە تەنیاکان و چینە کۆمەلایەتییەکان ناکات، بەڵکوو دەرک بە توێژەکانی دانیشتووان دەکات کە بە گوێرەی تەندروستی،

تەمەن، ڕەگەز و بگرە بە گوێرەی گروپی ئێتنیکی لێکتر جیا کراونەتەوە .

بەڵام جـاریکی دیـکە، سـەبارەت بەو ترسـانەی کە بە تەواوەتـی ڕەوا و حاشـاهەڵنەگرن، پێویسـتە هەسـتی هاوسەنگکارانەی خۆمان لە دەست نەدەین. پێم وایە ئەوەی ئەمڕۆ لە ئیتاڵیا دەگوزەرێت، وێڕای هەبوونی تێکچڕژانێکی بێسـەروبەر و ناشـیرینی ئیمتیـازاتە نەتەوەیـی و هەرێمییەکـان، پتـر خەسـڵەتی دارمـانی دەسـەڵاتخوازییە گشـتییەکان ی هەیە نەک دەستبەسـەرداگرتنی تۆتالیتارییـانە و کارەساتبار [ی دەسەڵات].

**وەرگێڕانی هاوار محەمەد**

سەرچاوەی وەرگێڕانی کوردی:

Roberto Esposito: Cured to the Bitter End, ٢٠٢٠/٠٢/٢٨ .

https://www.journal-psychoanalysis.eu/coronavirus-and-philosophers/

## هەڕەشەی پەتا

### ماسیمۆ دی کارۆلیس

ئێستا و دوابەدوای هێوربوونەوەی ئەو زریانە میدیاییەی ڤایرۆسی کۆرۆنا وروژاندویەتی، دەرفەتێک بۆ دەرکەوتنی هەندێ زانیاریی ورد و تایبەت ڕەخساوە، لە کاتێکدا کە ئەم زانیارییانە لە نێو قەڵەمڕەوە نەتەوەییەکاندا ملکەچی وەها ڕژێمێکی "ئاوارتەیی" کراون کە هەرگیز ئەزموون نەکراوە، لە هەمان کاتدا دەشێت لە هەندێ لە بۆچوونەکاندا سەبارەت بە تێکئاڵانی فەزای بایۆلۆژی و فەزای سیاسی لە تەوژمی دۆخی لەناکاو دا، پێشکەوتنێک وەدی بهێنێت، بێئەوەی بترسین لەوەی کە هەردوو فەزاکە تێکەڵ ببن و ئەمەش ببێتە هۆی کەوتنەوەی سەرلێشێوانێکی گشتی.

یەکەم فاکتێک کە پێمان وایە هێندە ئازاردەرە ناتوانین قبووڵی بکەین، تەوژمی خێرای ئەو دیمەنەیە کە ڕێژەی نەخۆشەکان و مردنەکان لە نەخۆشخانەدا دەنوێنێتەوە، ئەم ڕێژەیە بە جۆرێک هەڵدەکشێت و زیاد دەکات کە هەر دوو

یــان ســێ ڕۆژ جارێــک ژمــارەکە دووقــات دەبێــتەوە. بە کــورتی، پەتــاکە وەهمێــک نیــیە، بەڵکــوو فــاکتێکی واقیعیــیە، پەتایەکە دەشێت سیستەمی نەخۆشخانەیی لە ماوەی دوو حەفــتەدا بگەیەنێــتە لێــواری هەڵــدێر و گەلــێ دەرئەنجــامی کۆمەڵایەتیی دراماتیکی لە هەرێمگەلێکی وەکوو کەمپانیا یان سیسیلیادا لێ بکەوێتەوە، شوێنێک کە سیستەمی چاودێریی تەندروســتی لە بەر کۆمەڵێــک هۆکــاری بێمانــا، تەنــانەت لە دۆخی نۆرمالیشدا قەت دۆخێکی باش نەژیاوە و هەمیشـە لە ژێر گوشاردا بووە .

لە بەرانــبەردا فــاکتێکی دڵنیاییبەخشــتریش دەبینــین کە ئەڵبەت هێشتا بە تەواوی دڵنیامـان ناکاتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ڕێـژەی ئەو خەڵکـانەی بە ســووکی تووشــی ڤایرۆســەکە بــوون و نیشــانەی مامناوەنــدییان تێدا دەرکەوتــووە، ڕەنــگە زۆر لەوە زیـاتر بـن کە پشـکنینە کردەییەکـان دەری دەخەن. بە کورتی، دەشێت ڤایرۆسـەکە هێندەیش کوشـندە نەبێت و وەک زانیـــارییە پۆزەتیڤەکـــانیش لە چیـــنەوە دووپـــاتی دەکەنەوە، ڕەنــگە ژمــارەی تووشــبووان لە مــاوەیەکی لەوە کەمتردا کە بیری لێ دەکەینەوە، بەرەو کەمبوونەوە بچێت. هەر بۆیە شتێکی عەقڵانییە کە هیوادار بین پەتاکە بێئەوەی وەک ئەنفلــۆنزای ئیســـپانی و ئاســـیایی ملیۆنـــان مـــرۆڤ بکوژێت، لەناکاو کۆتایی پێ بێت .

ئاشکرایە کە بە بەراورد لەگەڵ ڕابوردوودا، تەکنۆلۆژیا و سیستەمی پزیشکی بوونەتە خاوەن لێهاتوویی و کارامەیییەکی گەورەتر و ئەمەش هیواکانی فراوانتر کردووەتەوە. بەمەشەوە هێشتا هەر نرخاندن و داوەریکردنی گەلاڵەکان کارێکی ئەستەم و دژوارترە. ئێمە وا دەزانین ئەو گەلاڵانە لە یەکێک لە پرەنسیبەکانی ئەقڵی سەلیمەوە سەرچاوەیان گرتووە. لە ڕووی تیۆرییەوە و بەپێی ئەو پرەنسیبە، گەر خەڵکی ئیتاڵیا لە ماوەی سێ حەفتەی داهاتوودا لێکدی نزیک نەبنەوە (ئەگەر ژن و مێردەکان چیتر بە شێوەی نایاسایی پێکەوە نەخەون، دایک و باوکان چیتر منداڵەکانیان لە ئامێز نەگرن، دوکتۆرەکان لە نەخۆشەکان دوور بن)، ئەوا مەحاڵە پەتاکە بڵاو ببێتەوە و ڕەنگە ئیدی دۆخی ناکاو بوەستێت و تەواو ببێ. وا دیارە حکوومەت بەم ڕێکار و گەلاڵانە، تا ئەو جێیەی بکرێت و ڕێی تێ بچێت، ئاوا ئاسۆیەکی ئایدیالی کردووەتە ئامانج. حکوومەت دەیەوێ تەنانەت ئەگەر نەیتوانی ژیانی کۆمەڵایەتیش بسڕێتەوە، لانیکەم بە پشتبەستن بە تەکنۆلۆژیای دوورەپەیوەندی ی وەکوو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کاری هۆشمەند بۆ پەیوەندیگرتن، بتوانێت بۆ ماوەیەکی کاتی ئەو ژیانە ڕابگرێت. پاساو و بەڵگاندنەکانی پشتی ئەم ڕێکار و گەلاڵانە، چ دروست بن یان چەوت، لە لایەن زۆربەی هەرەزۆری دانیشتووانەوە

وەرگیــراون بــڵاو کــراونەوە، لێرەشــەوە توانیویــانە بە حەماسەتێکی سـەرنجڕاکێش و دەمودەسـتەوە خۆیـان لەگەڵ ڕێســا نوێیەکانــدا بگــونجێنن. هەڵــبەت قبــووڵکردنی ئەم ڕێکـارانە بەو مانـایە نیـیە کە خەڵکـی پێیـان وایە ئیـدی ئەو مندالانەیش بۆ ئاهەنگی جەژنێکی لەدایکبوون کۆ دەبنەوە، یـــان ئەو بەســــالاچووانەی وا هەر ســــوورن لەســــەر قاوەخواردنەوە لە بارێکدا، "تاوانبار"ی نابەرپرسیارن . بەڵام بەدڵنیــاییەوە، لەم ســاتەدا پەرچەکردارێکــی بەهێــزی کـــــۆمەڵایەتی و قبـــــووڵنەکردن و ڕەتکـــــردنەوەی "یاساشـکێنەکان" ]واتە ئەوانەی لە ڕێنماییەکـانی حکـوومەت لایـان داوە[ تـاکە ڕێـگەیە بـۆ پتەوکـردنەوە و چەسـپاندنی پێڕەویکردن لە ڕێسـاکان. هەر بۆیە داخـوازیی کەمکـردنەوە یــان هەڵپەســاردنی ئەم ڕێکــارانە لەم ســاتەدا داوایەکــی نــابەجێ و نــاڕەوایە، بە تــایبەتی کە پێنــاچێ هــیچ کەس ئەڵتەرناتیڤێکی تایبەتی دیکەی پێ بێت .

بەڵام بەمەشــــەوە حاشــــاهەڵنەگرە کە ئەم ڕێکــــارانە وەرســــکەر و مــــایەی نیگەرانــــین، چونکــــوو گرێبەنــــدی کـۆمەلایەتی  هەڵدەوەشـێننەوە و ڕژێمـی دوورەپەرێـزی و کۆنترۆڵی پۆلیسی بەسەر کۆی خەڵکدا دەسـەپێنن، ئەمەیش بیرهێنــانەوەیەکی بەهێــزی ئەزمــوونی تاریــک و ڕەشــی ڕابـردووی نـوێی سیاسـیی ئێمەیە. هەر بـۆیە خـاڵی گرنـگ ئەوەیە تێــبگەین کە ئــاخۆ ئەم شــتە ڕاســتە و تەنیــا بــۆ

ماوەیەکی کەمخایەن و کاتی بەڕێوە دەچێت، یان ئەوەی بەڕاست لە بەردەم تاقیکارییەکی گشتیداین و ئاخۆ ئەم دۆخە لە داهاتوویەکی نزیکدا چ گۆڕانێک بەسەر ژیانی ئاسایی کۆمەڵگەکاندا دێنێ .

بنەمای ئەم گومانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییە کە بە دڵنیاییەوە هەڵوەشانەوەی گرێبەندی کۆمەڵایەتی و کۆنترۆڵی چاودێریکەرانە لەژێر ناونیشانی "تەندروستی گشتی"دا، بە ڤایرۆسی کۆرۆناوە دەستی پێ نەکردووە [و مێژوویەکی درێژتری هەیە]. لانیکەم بۆ یەک سەدەیە میکانیزمە کۆمەڵایەتییە مۆدێرنەکان ویستوویانە کۆمەڵگایەک دابمەزرێنن کە لەسەر پەرتکردن و لێکدابڕین بەند بێت، لەم کانتێکستەدا خۆڕسکێتی ی ژیانی کۆمەڵایەتی وەک ڕێگرێک یان تەنانەت وەک هەڕەشەیەک لەسەر مانەوەی سیستەم پێناسە کراوە.

خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە لە ڕابوردوودا سیستەمی بەرهەمهێنان بە بێ کاری هاوبەشی جەستەکان، دەنگەکان و دەستەکان، نەیدەتوانی ئیش بکات: سیستەم دەیتوانی تێکەڵاوی و کاری هاوبەشیان سنووردار یان کۆنترۆڵ بکات، بەڵام نەیدەتوانی بە تەواوەتی لە نێویان ببات. لەمڕۆدا، بە پێچەوانەوە، بەهۆی لایەنە سەرسووڕهێنەرەکانی تەکنۆلۆژیاوە دەشێت هەموو ئەمانە ڕوو بدەن. ئەگەرچی ئەم بابەتە گەلێ پارادۆکسیکاڵیشە،

بەڵام بۆ یەکەم جارە کە ماشێنی بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵگە دەتوانێت بە تەواوەتی کۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤ لە نێو ببات بە بێ ئەوەی باج و تێچوویەکی گەورە بدات. بەم پێیە چ گەرەنتییەک هەیە کە ئەوەی ئێستا تاقی دەکرێتەوە هەمان ئەو شتە نەبێ کە بۆ داهاتوو داڕێژراوە؟

بۆ ئەوەی بەر بە بەدحاڵیبوون بگرین باشتر وایە ئەوەش ڕوون بکەینەوە کە بە هیچ شێوەیەک لە ڕێگەی [تیۆریی] پیلانگێڕی، یان باسکردن لە ئامادەبوونی توێژێکی دیاریکراو، یاخود خولقاندنی هەندێ کەسایەتیی کەمتازۆر ناڕوونی دەسەڵات ـەوە، ناتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە. لە پشتی دیاردە کۆمەلایەتییەکانەوە هیچ دەرهێنەرێک لە گۆڕێدا نییە، بەڵکوو ئەمە بەرئەنجامی کۆمەڵێک هێز و غەریزەی جیاوازە. هیچ بووکەڵەبزوێنێک لە گۆڕێدا نییە، تەنیا ئەو بووکەڵانە هەن کە لە شانۆکەدا دێن و دەچن و دەجووڵێن، هەریەکەو بە شێوازی خۆی، بە هێزی زۆر یان کەمترەوە، لەم یان لەو ئاراستەدا، سەرەڕای ئەوەی کە زۆرجار مەبەستی هۆشمەندانەیشیان هەیە .

کاتێک پەتاکە کۆتایی هات بێگومان گەڕانەوەیەکی بەشکۆی جەماوەر بۆ پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕوو دەدات کە هیچ حکوومەتێکی دیموکراتیک خەون بە قەدەغەکردنیەوە نابینێت. لەگەڵ ئەوەیشدا، بێگومان گەلێ کۆمپانیا پێداگری لەسەر گونجاوبوون و کارامەیی کاری

زیرەک ]لە ڕێگەی تەکنۆلۆژیای هۆشمەندەوە[ دەکەن، هەر بۆیە داوا لە فەرمانبەرەکانیان دەکەن ئەو وێستگە کارییە ئۆرژانسییانە هەڵنەوەشێننەوە کە لە ژوورەکانی نووستنیاندا دایانمەزراندبوو.

پاشان گەلێ خەڵکی کانفۆڕمیست و تەقلیدخواز تێبینیی ئەوە دەکەن کە داخستنی شوێنەکانی ژیانی شەوانە بۆ ئاسایش و سەلامەتی گشتی سوودبەخشە، بەو مەرجەی زیان بە بەرژەوەندیی ڕێستۆرانت و گەشتیاری نەگەیەنێت. هەروەها گەلێ هێزی سیاسیی "شوناسخواز" بیرمان دەخەنەوە کە پەتاکە، بە گشتی، لەنێو خەڵکانی بێماڵوحاڵ و بە تایبەتیش لە نێو پەنابەراندا بڵاو بۆتەوە (ئەگەرچی بەداخەوە لەم کەیسەدا وا نەبوو) و سیستەمی تەندروستیی گشتیش پێویستی بە پاکژییەکی تۆکمە و سەرسەختانە هەیە. بە گشتیتر، هەریەک لە ئێمە دواجار بۆی دەردەکەوێت کە هیچ ژیانێکی کۆمەڵایەتی نییە مەترسیی پەتای لە خۆیدا هەڵنەگرتبێت، هەر بەو جۆرەی کە هیچ ژیانێکی ئۆرگانیکی نییە ڕیسکی نەخۆشی و مردنی لە خۆیدا هەڵنەگرتبێت. هەر بۆیە پێویستە وەڵامی پرسیارێکی سیاسیی بنچینەییتر بدەینەوە: تا چ ڕادەیەک ئێمە ئامادەی سەرکێشین و، لانیکەم، ئامادەی ئەوەین بۆ خواردنی نانی ئێوارە لەگەڵ هاوڕێیەکماندا، یان لەباوەشگرتنی منداڵێک، یان هەر بە سادەیی بۆ دەمەتەقێ لەگەڵ خەڵکی قەتیسماوی

دەوروبەری مەیدانە گشتییەکەدا، ئاسایشە بایۆلۆژییەکەمان بخەینە مەترسییەوە؟ چۆنچۆنی دەتوانین بڕیار بدەین کە بەختەوەریی کۆمەڵایەتیمان لەپێشترە و ئەولەوییەتی هەیە بەسەر پاراستنی تەندروستیماندا؟ ئاخۆ بوونی سیاسی لە مانەوەی بایۆلۆژی گرنگترە؟ ئەوەی کە ڤایرۆسی کۆرۆنا ناچارمان دەکات ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەم پرسیارانە بکەین، شتێکی باشە، چونکە بونیادی کۆمەڵگەی داهاتوومان ڕەنگە بەند بێت بەو وەڵامانەوە کە بە فاکتەکان (نەک هەر بە قسە) دەیانخەینە ڕوو .

**وەرگێڕانی هاوار محەمەد**

سەرچاوەی وەرگێڕانی کوردی:

Massimo De Carolis: The Threat of contagion.
https://www.journal-psychoanalysis.eu/coronavirus-and-philosophers/

# دۆخی پەتاگرتوو

**ئالەن بەدیوو**

بەردەوام وتـــوومە دۆخـــی هەنـــووکە کە پەتـــایەکی گەردوونیـی بەسـەردا زاڵ بـووە، هـیچ شـتێکی ڕێـزپەڕ و ئـاوارتەی تێـدا نیـیە. هەر لە کـاتی پەتـای ئایـدزەوە، کە ئەویش هیی ڤایرۆسە، تا دەگاتە ئانفلۆنزای باڵندە، ڤایرۆسـی ئێبـۆلا، ڤایرۆسـی سارسـی ١، بەبـێ ئەوەی باسـی چەنـدین پەتـای دیکەی وەک گەڕانەوەی سـووریژە یـان سـیل بکەیـن، کە ئەنتیبیۆتیـک چیـدی چـارەی ناکـات. دەشـزانین بـازاڕی جیهـانی، کە تـێکەڵەیەکە لە گەلـێ هەرێمـی فراوانـی لە بـاری پزیشـکییەوە کەمبەش، لەگەڵ بێتوانـایی دیسـیپلینی جیهانیـدا بـۆ کوتـان، بـێ سـێ و دوو پەتـای جـددی و ویـرانکەر دەخـاتەوە (لە نمـوونەی ئایـدزدا، چەنـدین ملیـۆن کەس مـردن). جگە لەم ڕاسـتییەی کە پەتـاکەی ئێسـتە بە فراوانـی دونیای خوشـگوزەرانی وەک دەڵێن خۆرئـاوای گرتـووەتەوە – ڕاسـتییەک کە وەک خۆی مانـایەکی تـازەی نییە و، زیـاتر

هانی ناڵەناڵی گوماناوی و کەریتیی شۆڕشگێڕانە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەدات – لام وانییە کە لەولای ڕێوشوێنە ئاشکراکانی پاراستن و لەولای ئەو کاتەوە تا نەمانی ڤایرۆسەکە دەخایەنێت، ئەگەر چارەسەری دیکە نەبێت، دەبێ ئەسپ بۆ شەڕ زین بکەین .

هاوکاتی ئەمە، دەبوو هەر ناوی ڕاستەقینەی پەتاکە نیشان بدات کە بە مانایەک "هیچ شتێکی نوێ لە ژێر ئاسمانی ئێستەدا ڕووی نەداوە. ناوە ڕاستەقینەکەی سارسی ٢ ـە، "درمی ٢ ی هەناسەدان"، ئەو ناوەی کە تەعبیر لە "جاری دووەم" دەکات، پاش پەتای سارسی ١، کە بەهاری ٢٠٠٣ دونیای گرتەوە. ئەو کات نەخۆشییەکە ناو نرابوو "یەکەم نەخۆشیی نەناسراوی سەدەی بیست و یەکەم". کەواتە ڕوونە پەتاکەی ئێستە بە هیچ جۆریک بەرهەم و دەرکەوتەی شتێکی نوێ و نەبینراو نییە. ئەم پەتا دووهەمینی چەشنەکەی خۆیەتی لەم سەدەیەدا ڕووی دابێت و، رەچەڵەکی دیارە. تا ئاستێک کە تاقە ڕەخنەیەکی جددی کە ئەورۆکە، لە بواری بەدیکردنەوە لە دەسەڵاتداران گیرابێت، ئەوەیە کە پاش سارسی ١ دەسەڵاتداران جۆرێکی جددی پشتی ئەو لێکۆڵینەوەیان نەگرتووە، کە دەیتوانی کەرەستەی پێویست بۆ دونیای پزیشکی دابین بکات بۆ ئەوەی بەرنگاری سارسی ٢ ببێتەوە.

بەم پێیەش، وەک هەموو کەس، هیچی دیکە نابینم جگە لەوەی خۆم لە ماڵەوە بمێنمەوە و کەسانی دیکەش پاڵ بنێم هەمان شت بکەن. ڕێزگرتنی جددیش لەم دیسیپلینە، هێند گرنگە کە خۆی پەنا و پاراستنێکی بنچینەییە بۆ هەموو ئەوانەی زیاتر لە مەترسیدان: بێگومان، هەموو کەسانی بواری تەندرووستی و پزیشکی و پەرستاری، کە ڕاستەوخۆ لە بەرەکەدان و پێویستە بتوانن لە دیسیپلینێکی جددی دڵنیا بن، هەروەها ئەوانەش کە تووش بوون؛ بەڵام هەروەها لاوازترەکان، وەک کەسانی بەتەمەن، بە تایبەت ئەوانەی لە ماڵی پیراندان؛ هەروەها هەموو ئەوانەش کە دەچن بۆ کار و ترسی تووشبوونیان لە سەرە. ئەم دیسیپلینە جگە ئەوانەی کە دەتوانن گوێ بە فەرمانی "لەماڵەوە بمێنەوە" بدەن، دەبێ هەندێ کەسی دیکەش بگرێتەوە و دابینیشیان بکات: ئەوانەی هیچ "ماڵی خۆمان"ێکیان نییە تێیدا بمێننەوە و سەرپەنایەکی دڵنیایان نییە. بۆ ئەمەش دەکرێت بیر لە دەرکردنی فەرمانێک بۆ تەرخانکردنی هۆتێلەکان بۆ ئەم کەسانە بکرێتەوە .

ڕاستە کە ئەم داوایانە زۆر فەرماندەرانەن، بەڵام لانیکەم لە ڕوانینی یەکەمدا، شیکاری یان ڕۆنانی بیرکردنەوەیەکی نوێیان تێدا نییە .

بەش بە حاڵی خۆم زۆر شت دەخوێنمەوە و لە دەور و پشتیشمدا شتی زۆر دەبیستم، کە هەر خۆیان گرفتن و لە

باسـەکەم دوور دەخەنەوە، چونکوو سـادەن و چ پێوەندییان بەو دۆخەوە نییە کە تێیدا دەژین.

ئەم ڕاگەیاندنە پێداگر و توندانە، ئەم هـاوارە بەجۆش و کـوڵانە، ئەم تـۆمەتە چەقـانە، لە چەشـنی جیـاوازن، کەچـی هەموویان لە خاڵێکدا هاوبەشـن: نەبینینێکی جددیی سـادەیی گومانـاویی دۆخـی پەتـای هەنـووکەیی و بزریـی نـوێیەتی تێیانـدا. ئەم باسوخواسـانە، یـان بێهـوودە بـوونەتە بەنـدە لە ئاستی دەسەڵاتەکاندا، کە لە ڕاستیدا هیچ نـاکەن جگە ئەوەی سروشـتی دیـاردەکە بۆی مەجبووری کـردوون. یـان باسـی زەمـین و نهێنییەکەیمـان بـۆ دەکەن، کە هـیچش نـادات بە دەستمانەوە. یان هەموو ئۆباڵەکە دەخەنە ئەستۆی مـاکرۆنی داماو، کە لە ڕاسـتیدا لەوانی دیکە خراپتر نییە و تەنیا وەک سـەرۆکی دەوڵەت لە کـاتی شـەڕ یـان پەتـادا خەریکـی کـارەکەی خـۆیەتی. یـان قسـە و باسـەکان بـانگن بـۆ هـاتنی شۆڕشـێکی بنچینەیـی نەبینـراو، کە نـازانین پێوەنـدییەکەی لەگەڵ نەهێشـتنی ڤایرۆسـێک چییـە و "شۆڕشـگێڕانیش"مان شتێکی نوێیان بۆ کردنی نییە. یان نوقمی ڕەشـبینیی کۆتـایی دونیـا دەبن، یـان هـاواری ئەوە دەکەن کە "سـەرەتا خـۆم" – ڕێسـای زێڕینـی ئایـدیۆلۆژیای هـاوچەرخ– هـیچ گرنگییەکـی پـێ نەدرێـت و، تەنـانەت وەک یارمەتیـدانی بەردەوامییەکـی پێناسەنەکراوی خراپەش سەیر بکرێت.

وەک بڵێی ئازاری پەتا لە گشت لا چالاکیی جەوهەریی ئەقڵی لەکار خستووە و، سووژەکان پاڵ دەنێ بگەڕێنەوە بۆ هەندێ کاریگەریی خەمناک، کە سەدەکانی نێوەڕاست پێی ڕا هاتبوون، کاتێ تاعوون هەموو ناوچەکانی ڕادەماڵی- عیرفان، تەزویر، دۆعا، پێغەمبەری و لەعنەت .

هەست دەکەم ناچارم هەندێ ئایدیای سادە کۆ بکەمەوە. سەربەستانەش دەڵێم: دێکارتییانە.

با سەرەتا لە پیناسەکردنی کێشەوەکەوە دەست پێ بکەین، چونکوو گەر خراپ پێناسەی بکەین، خراپیش هەڵسوکەتی لەگەڵ دەکەین.

ئاڵۆزیی پەتایەک ئەوەیە، کە جومگەی پێکگەیشتن و یەکتربڕینی هۆکارە سروشتییەکان و هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانە. هەر شیکارییەکی تەواو دەبێ ئەم دوانە ببڕێت: دەبێت دەست بنێینە سەر ئەو خاڵانەی تێیاندا هەر دوو هۆکارەکە پێک دەگەن و، ئەنجامەکانی ببینرێت.

بۆ نموونە، خاڵی دەسپێکی ئەم پەتای ئێستە پێدەچێ ویلایەتی ووهان بێت. بازاڕەکانی چین ئێستەش لەبەر پیس و چەپەڵیی مەترسیداریان ناسروان و، بۆنی ناخۆشی کەڵەکەی هەموو جۆرە ئاژەڵێکی زیندوو بە ڕۆژی ڕووناک. لێرەوەش بوو کە ڤایرۆسەکە لە چرکەیەکدا، لە شێوەی ئاژەڵدا و دواتریش لە شەمشەمەکوێرە و لە شوێنێکی

جەماوەریی قەرەباڵغ و بێبەش لە پاک و خاوێنیدا دەرکەوت.

گەشەی سروشتیی ڤایرۆس لە چەشنێکەوە بۆ چەشنێکی دیکە، ئێستە ڕووی لە چەشنی مرۆیی کردووە. ئەمە چۆن بوو؟ ئەمە نازانین و تەنیا پرۆسە زانستییەکان دەتوانن ئەوەمان فێر بکەن. هاوکات بێزێکیش لە هەموو ئەوانە بکەینەوە کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا حەکایەتی لە خۆیاندا ڕاسیستی بڵاو دەکەنەوە. هەندێ حەکایەت کە پشتیان بە هەندێ وێنەی دەستکاریکراو بەستووە، کە تێیاندا نیشان دەدەن چینییەکان شەمشەمەکوێرەی نیوەزیندوو دەخۆن...

ئەم گواستنەوەیەی نێوان چەشنە حەیوانییەکان بۆ مرۆڤ، خاڵی سەرەتایی هەموو باسەکەیە. دوای ئەمەش پێدراوێکی(زانیارییەکی، دەیتایەکی) بنچینەیی دونیای هاوچەرخ دێتە ئاراوە: تەشەنەی کاپیتالیزمی دەوڵەتی چین بۆ ئاستێکی ئیمپریال، واتە ئامادەییەکی چڕ و گەردوونی لە نێو بازاڕی جیهانیدا. ئەو هەموو تۆڕەی بڵاوکردنەوەش لێرەوە دێن، بێگومان پێش ئەوەی کە حکوومەتی چین توانای ئەوەی هەبێت خاڵی دەسپێکی پەتاکە بە تەواوی لەماڵ پەستێتێوێ –لە ڕاستیدا، کۆی هەرێمێک، چل میلیۆن کەس- ئەگەرچی دواتر ئەو کارە بە سەرکوتووییەوە دەکات، بەڵام کاتێک کە چیدی درەنگە بۆ ئەوەی نەهێڵێ

پەتاکە ڕێگەی- فڕۆکە و کەشتی- بوونێکی دنیاگر بگرێتە بەر.

وردەکارییەکی ڕوونکەوەرەی دیکە سەبارەت بەو شتەی من پێی دەڵێم شێوەگیریی دووانەی پەتایەک: ئەوڕۆکە سارسی ٢ لە ووهان ڕاگیراوە، بەڵام گەلێ نموونەی لە شانگهای هەیە، کە زۆرینەیان بە هۆی ئەو کەسە چینیانەوەیە کە لە وڵاتانی دەرەوە گەڕاونەتەوە. کە واتە چین ئەو شوێنەیە تێیدا بە هۆیەکی کەونینە و دواتر بە هۆیەکی مۆدیرن، پێکگەییشتنێک دەبینین، پێکگەییشتن و یەکتربڕینی سروشت-کۆمەڵگا لە نێو بازاڕە پیسە کۆنەکاندا کە بوونەتە هۆی تووشبوون بە پەتاکە، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەم خاڵی دەسپێکە لە ئاستی جیهانیدا کە بازاڕی کاپیتالیستیی جیهانی و شوێنگۆڕکێ خێرا و بەردەوامەکانی هەڵگرین.

پاش ئەمە، دێینە نێو قۆناغی هەوڵی خۆجێیی دەوڵەتەکان بۆ بەستنەوەی تەشەنەی پەتاکە. بیرمان بێت، کە ئەم بڕیارە لە بنچینەدا لۆکاڵ دەمێنێتەوە. لە کاتێکدا کە پەتاکە خۆی هەمەگیرە. وێڕای دەسەڵاتی هەندێ هێزی بانەتەوەیی، ئاشکرایە ئەوە دەوڵەتە بۆرژواییەکانن کە لە بەرەی شەڕەکەدان.

لێرەدا بەر یەکێک لە ناکۆکییە بنچینەییەکانی دونیای هاوچەرخ دەکەوین: ئابووری، پرۆسەی بەرهەمهێنانی

فـــرەی كـــاڵا، زادەی بـــازاڕی جیهـــانییە. دەزانـــین كە درووســتكردنی تەلەفــوونێكی مۆبایــل پێویســتی بە كــار و ســەرچاوەیە، لانـیكەم لەحەوت ئاسـتی جیـاوازدا، تـا دەگـاتە كرێكــارانی كــانی كانزاكــانیش. بەڵام لە لایەكەی دیــكەوە، دەســەڵاتە سیاســییەكان لە بنەڕەتــدا نەتەوەیــی دەمێنــنەوە. ململانێی ئیمپریالیسمەكانیش، كۆنەكان (ئەوروپا و ئەمریكا) و نوێیەكــان (چــین، ژاپــۆن...) رێــگە لە هەر پرۆســەیەكی دەوڵەتێكــی جیهــانی دەگرێــت. پەتــاكە ئەو چــركەیە تێیــدا ناكۆكیی نێوان ئـابووری و سیاسـەت دەردەكەوێت. تەنـانەت وڵاتــانی ئەروپــیش نــاتوانن لە ئێســتەدا سیاســەتەكانیان بەرامـبەر ڤایرۆسـەكە یەک بـخەن. دەوڵەتە نەتەوەییەكـان، كە گرفتـاری ئەم نـاكۆكییەن، هەوڵ دەدەن ڕووبەڕووی پەتـاكە ببنەوە. هاوكاتی ئەوەش، تـا بكرێـت میكانیزمەكـانی سـەرمایە لە بەرچـــاو بگـــرن، ئەگەرچـــی سروشـــتی ڕیســـكەكە مەجبووریـــان دەكـــات شـــێوە و كارەكـــانی دەســـەڵات دەستكاریی بكەن.

دەمــێكەیە دەزانــین لە كــاتی شــەڕی نێــوان وڵاتانــدا، دەوڵەت دەبــێ ڕێوشــوێنی قــورس بە ســەر جەمــاوەر و تەنـانەت بەسـەر بۆرژوازیشـدا بسـەپێنێ، ئەمەش بۆ ئەوەی فریـای سـەرمایەداریی خـۆجێیی بكەوێـت [لە كـاتی شـەڕدا]، پیشەســـازییەكان زۆربەیـــان نەتەوەیـــی كـــراونەتەوە بە مەبەسـتی خـۆپڕچەككردنی بێسـنوور، كە لەو كـاتەدا هـیچ

زێدەبەهایەکی دراڤی بەرهەم ناهێنێت. [لە کاتی شەڕدا] بڕێکی زۆری بۆرژوازی وەک ئەفەسەر ڕێک دەخرێن و دەکەونە بەر هەڕەشەی مەرگ. زانستوانان بە شەو و ڕۆژ دەگەڕێن چەکی نوێ بدۆزنەوە. گەلێ ڕۆشنبیر و هونەرمەندیش داوایان لێ دەکرێت پڕوپاگەندەی نەتەوەیی جۆش بدەن، هتد.

بەرامبەر پەتایەک، دەرکەوتنی ئەم جۆرە ڕوانینە دەوڵەتییە شتێکی حەتمییە. لە بەر ئەمەشە، بە پێچەوانەی ئەوەی دەگوترێت، بانگەوازەکانی ماکرۆن یان ئێدوارد فلیپی [سەرۆکوەزیرانی فەرەنسا] سەبارەت بە دەوڵەت بووەتەوە بە فریاکەوتن و"بەرەکەت"، شتی وەک یارمەتی بۆ (یارمەتیدانی) کەسان لەدەرەوەی کارەوە، یان ئەوانەی دووکان دادەخەن، تەرخانکردنی دوو سەد ملیارد لە پارەی دەوڵەت، تەنانەت باسی "نەتەوەییکردنەوە": ئەمانەش هەموویان نە سەیرن و نە ناکۆکییان تێدایە. وەکی دیکەش، خوازەکەی ماکرۆن کە دەڵێ: "ئێمە لە شەڕداین"، ڕاستە. شەڕ یان پەتا، دەوڵەت مەجبوورە، وێڕای سروشت یان چینەکەی، جار جار دەست بۆ کاری تاکڕەوانە و هەمەگیرتر ببات، بۆ ئەوەی بەر بە کارەساتێکی ستراتیژیک بگرێت.

ئەمە ئاکامێکی تەواو لۆژیکیی دۆخەکەیە، کە مەبەستەکەی ڕێگرتنە لە پەتاکە- بردنەوەی شەڕەکە، گەر

خـوازەکەی مـاکرۆن بەکـار بهێنیـنەوە- هاوکـاتی مـانەوەی تەواوەتیـی لە نێـو نەزمـی کـۆمەڵایەتیی زاڵـدا. ئەمە بە هـیچ شـێوە کۆمێـدی نیـیە، ئەمە جەبـریکە و بڵاوبـوونەوەی پرۆسـەیەکی مەرگاوی دایسەپاندووە، کە سروشت (هەر لە بەر ئەمەشە رۆڵی زانایان لەم ناوەدا هێند گرنگە) و نەزمی کۆمەڵایەتی (رۆڵـی تـاکڕەوانەی دەوڵەتـیش لێرەوە دێت، کە هیچ شتێکی دیکە ناتوانێ بیکات) دەبڕێت .

ئەوەی ئەم بابەتە نـاتەواویی گەورەی تیا بێت، حەتمییە. هەروەک کەمیـی دەمامـک یـان نەبـوونی ئامادەکـاری بـۆ خەوانـدنی تووشـبوان. بەڵام کـێ دەتوانێـت لافـی ئەوە لـێ بـدات کە شـتی وەهـای بەدی کردبـێ؟ لە هەنـدێ ئاسـتدا، دەوڵەت چـاوەڕێی شـتی وەهـای نەدەکـرد و ئەمە ڕاسـتە. تەنـانەت دەتـوانین بڵێـین کە هەر لە چەنـد دەیە پێشـترەوە دەزگـای نەتەوەیـی تەندرووسـتی خەریـکە لاواز دەبـێ و لە ڕاسـتیدا ئەمە حـاڵی هەمـوو ئەو بەشـانەی دەوڵەتە کە لە خزمەتـی بەرژەوەنـدیی گشـتیدا بـوون، دەوڵەت وەهـا جووڵاوەتەوە چما مەحاڵە شتی وەک پەتـا لە وڵاتەکە بدات؟ ئەمەش هەڵە بـوو، نەک هەر لە کـاتی ماکرۆنـدا، بەڵکـوو لە کاتی هەموو ئەوانەشدا کە لانیکەم سی ساڵە دەسـەڵاتی ئەم وڵاتەیان بە دەستە.

ڕاستیشـە بڵێـین، جـگە لە هەنـدێ زانـای تـاککەوتە، چ کەسـی دیـکەش ڕوودانـی شـتێکی لەم جـۆرەی لە فەرەنسـا

بەدی نەکردبــوو و بە خەونــیش شــتی وەهــای نەدەبینــی. لەوانەیە گەلــێ کەس وایــان زانیبــێ کە شــتی لەم جــۆرە دەکرێ لە ئافریقای تاریک یان چینی تۆتالیتەردا ڕوو بدات، بەڵام نەک لە ئەوروپـــای دیمۆکراتیکـــدا. بێگومـــان ئەوە چەپەکـــانیش نـــین- ئـــێلەک زەردەکـــان یـــان تەنـــانەت سەندیکالیستەکان- کە دەتوانن مافێکی تایبەتییان هەبێ کە لەســەر ئەم خــاڵە رەخــنە بــکەن و لە هاتوهــاوار لەســەر ماکرۆن بەردەوام بن، واتە ئەو نیشانە کورتەی کە هەمیشە هەیـانبووە. ئەوانـیش بە هـیچ شـێوە شـتی وەهایـان بەدی نەدەکرد، بە پێچەوانەوە: کاتێ پەتاکە لە چینەوە بە ڕێگەوە بــوو، ئەمــان تــا ئەم دوایــیەش خەریکــی کۆبــوونەوەی بێکـۆنترۆڵ و خۆپیشــاندانی بەهاتوهــاواری خۆیــان بــوون. هەر ئەمەش دەبوایە ئەمرۆ، هەر کەس بن، نەهێڵێت هێندە لەسەر درەنگ بەتەنگەوەهاتنی دەسەلات خۆیان با بدەن. لە ڕاستیدا هـیچ هێزێکـی سیاسـی لە فەرەنسـا پـێش دەوڵەتـی ماکرۆنی نەکەوتە خۆی.

لای ئەم دەوڵەتەوە، دۆخەکە لەو جـــۆرانەیە کە تیایـــدا دەوڵەتی بۆرژوازی بە چەشنێکی ڕوون و بەربڵاو گرنگی بە هەنـدێ بەرژەوەنـدیی گشـتیتر لە بەرژەوەنـدیی چینـی بۆرژوازی دەدات، هاوکاتی پاراستنی ئەمەی کە، لە لایەنی ســتراتیژیکەوە، لە داهــاتوودا، بنچیــنەکە بەرژەوەنــدیی ئەو چینە دەبێت کە ئەم دەوڵەتە نوێنەری فۆرمە گشتییەکەیەتی.

یان بە دەربڕینێکی دیکە، دۆخەکە دەوڵەت مەجبوور دەکات کە تەنیا بە تواندنەوەی بەرژەوەندییەکانی چینە بنچینەییەکەی خۆی لە نێو بەرژەوەندیی گشتیدا دەرەقەتی باوردۆخەکە بێت، ئەمەش لەبەر بوونی "دوژمن"ێکی گشتیی ناوخۆیی، کە دەتوانێ لە سەردەمی شەڕدا داگیرکەریی بیانی و، لە ئێستەدا، ڤایرۆسی سارسی ٢ بێت.

ئەم جۆرە دۆخانە (شەڕی جیهانیی یان پەتای جیهانی) لە لایەنی سیاسییەوە بە جەوهەر "بێکردە" و زڕن. شەڕەکانی پێشوو، جگە لە دوو نموونە، نەبوونەتە هۆی شۆڕش. دوو نموونەی دەگمەن لە دەرەوەی ئەو شتەی دەسەڵاتە ئیمپریالیستییەکان دەیژیان: ڕووسیا و چین. لە نموونەی ڕووسیادا، شۆڕش ڕووی دا چونکوو دەسەڵاتی تێزاری ماوەیەکی زۆر بوو لە هەموو لایەنێکەوە دواکەتوو بوو، تەنانەت وەک دەسەڵاتێک کە بکرێ لەگەڵ لەدایکبوونی سەرمایەدارییەکی ڕاستەقینە لەو وڵاتە گەورەیەدا بگونجێ. لەولاشەوە، لە بەلشەڤیکەکاندا پێشڕەوێکی سیاسیی مۆدێرن هەبوو، کە کۆمەڵێک ڕێبەری بەرچاو پێکیان هێنابوو. لە نموونەی چیندا، شەڕی شۆڕشگێڕانەی ناوخۆ پێش شەڕی جیهانی بوو و پارتی کۆمۆنیست ساڵی ١٩٤٠ سەرۆکایەتیی ئەرتەشێکی جەماوەریی دەکرد، کە پێشتر توانای خۆی نیشان دابوو. بە پێچەوانەوە، لە هیچ یەکێک لە دەسەڵاتە خۆرئاواییەکاندا شەڕ نەبووە هۆی ڕوودانی

شۆڕشێکی سەرکەوتوو. تەنانەت لە ئالْمانی شکستهێناوی ١٩١٨ دا، ڕاپەڕینی سپارتاکیستەکان خێرا سەرکوت کرا.

وانەی هەموو ئەمانەش ڕوونە: پەتاکەی ئێستە وەک خۆی، وەک پەتا، لە وڵاتێکی وەک فەرەنسادا، هیچ ئەنجامێکی سیاسیی قابیلی باسی نابێت. تەنانەت بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەش کە بۆرژوازیی فەرەنسا لای وایە- وەک زۆربوونی بۆڵەبۆڵی پەرتەوازە و دروشمی ناهۆشیارانەی بەربڵاو دەری دەخات- کاتی ئەوە هاتووە ماکرۆن لە کۆڵی خۆمان بکەینەوە، ئەمەی کە بە هیچ شێوە گۆڕانێکی شیاوی باس ناهێنێت. بەربژێرە "لە لایەنی سیاسییەوە درووست"ـەکانیش، پێشتر لە پشتەوە خۆیان مەڵاس داوە. هەر بە هەمان شێوەی هەڵگرانی فۆرمە هەرە بێکەڵکەکانی "ناسیۆنالیزم"ێکی زڕ و بەسەرچوو.

بەڵام ئێمە، ئەوانەی ئاواتمانە گۆڕانێکی ڕاستەقینە لە پێدراوە سیاسیەکانی ئەم وڵاتەدا ڕوو بدات، ئێمە دەبێ ئەم ناوبرە پەتاگرتووە و تەنانەت لەماڵمانەوە -کە تەواو پێویستە- بقۆزینەوە بۆ ئەوەی کار لەسەر سیما نوێیەکانی سیاسەت بکەین، کار لەسەر پرۆژەی شوێنە سیاسییە نوێیەکان و، پێشخستنی بان-نەتەوەیی قۆناغێکی سێهەمی کۆمۆنیزم، دوای ئەو قۆناغەی کۆمۆنیزم کە بە گەشی

لەدایـــک بـــوو و ئەزمـــوونە دەوڵەتییەکهـــی، وێـــڕای سەرنجڕاکێشییەکەی، لە دواییدا شکستی هێنا.

هاوکاتی ئەمەش، دەبێت لە ڕەخنەی توندی هەموو ئەو ئایدیایانە بەردەوام بین کە لایان وایە دیاردەی وەک پەتا لە خۆیاندا رێگە بۆ شتێکی لە لایەنی سیاسیەوە تازەگەرانە دەکەنەوە. لەولای گـــوێزرانەوەی گشـــتیی پێـــدراوە زانستییەکانهوە لەسەر پەتاکە، تەنیا سەلماندن و ڕێکەوتنی نـوێ لەســەر دۆخـی خەســتەخانەکان و تەندرووســتیی گشتی، قوتابخانەکان و پەروەردەی یەکسان، ڕاگەشتن بە پیران و شتی لەم جۆرە، دەتوانن هێزێکی سیاسی بهێڵنەوە. ئەمە ئەو شــتانەن کە ڕەنــگە بتــوانین بەو کارنــامە لاوازە مەترســیدارەی زیــاد بکەیــن کە دۆخــی هەنــووکە دەری خستن.

لەگەڵ ئەمەشدا، ئاشکرا و بێ ترس نیشانی دەدەین ئەو شتەی پێی دەگوترێ "تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان" جارێکی تریش دەریان خست کە پێش هەموو شتێک -هاوکاتی ئەوەی دەزانـــین ئەم تـــۆڕانە ملیـــاردێرە هەرەگەورەکـــان قەڵەوتـــر دەکەن- شـــوێنی تەشـــەنەی ئیفلیجیـــی ئەقڵیـــی فشـــەکەرانە، دەنگـۆی بـێجڵەو، دۆزیـنەوەی "نـوێ"ی پـێش

تۆفـــانی نـــووحن، ئەویـــش کـــاتێ چ نەبـــن جـــگە لە جەهلخوازییەکی هەڵخەڵەتێنەرانە.

بـڕوا و متمـانە بە هـیچ شـتێک نەکەیـن، بە تـایبەت لەم کـاتی ماڵنشـینییەدا، بە هـیچ شـتێک جگە لە حەقـیقەتە قـابیلی سەلماندنەکانی زانست و ئاسۆ پتەوەکانی سیاسـەتێکی نـوێ و ئەزمـــــوونە خۆجێییەکـــــان و نیشـــــان و ئاســـــۆ ستراتژیکەکەیان.

**وەرگێڕانی مەنسوور تەیفووری**

سەرچاوەی وەرگێڕانی کوردی:
/sur-la-situation-٢٦/٠٣/٢٠٢٠https://qg.media/
epidemique-par-alain-badiou/

# فەزای هاوێرگە

**میشێل فۆکۆ**

بە گـــوێرەی فەرمانێـــک کە لە کۆتاییەکـــانی ســـەدەی حەڤدەدا دەرچـووە، ئەمـانە ]ی خـوارەوە[ ئەو ڕێکارانەن کە دەبێت لە کاتی کەوتنەوەی تاعووندا لە شارێک بگیرێنە بەر:

یەکەم: دابەشـــکردنی تونـــدوتۆڵ و وردی شـــوێن: داخســتنی شــار و "ناوچە"کـانی دەوروبەری؛ قەدەغەکردنــی دەرچـــوون لە شـــار و بـــڕینەوەی ســـزای ئیعـــدام بـــۆ هەرکەســـێک پێشـــێلی بکــات، کوشـــتنی هەمـــوو ئـــاژەڵە بەرەڵڵاکـان؛ دابەشـکردنی شــار بـۆ گەڕەکـی لێکـدابڕاو و دەستنیشانکردنی دەسـەڵاتێکی سەرپەرشـتیار بۆ هەرکام لە گەڕەکەکـــان. هەر کـــۆڵان و شـــەقامێک دەخـــرێتە ژێـــر دەسەڵاتێکی کارگێڕییەوە کە ئەویش شـەقامەکە دەخـاتە ژێر چاودێرییەوە؛ ئەگەریش وازی لێ بهێنێ ئەوا بە مـردن سـزا دەدرێت. لە ڕۆژێکـی دیـاریکراودا داوا لە هەمـووان دەکرێـت دەرگای ماڵەکانیان بەسـەر خۆیاندا دابخەن: چوونە دەرەوە سـزاکەی مـردنە. کەسـە کـارگێڕەکە خـۆی دێت و لە دیـوی

دەرەوە دەرگای هەر ماڵێک قەپات دەکات؛ ئینجا کلیلەکەی دەبات و ڕادەستی سەرپەرشتیاری گەڕەکەکەی دەکات؛ سەرپەرشتیار تا کۆتایی ماوەی هاوێرگەکە ]کەرەنتینە[ کلیلەکە لای خۆی دەهێڵێتەوە. هەر خێزانێک لە پێشترەوە پێداویستییەکانی خۆی دابین دەکات؛ بەڵام بۆ دابینکردنی نان و شەراب کۆمەڵێک کەناڵ بە تەختەدار لە شەقامەکەوە بۆ نێو ماڵەکە ڕایەڵ دەکرێن و بێئەوەی هیچ پێوەندی و بەریەککەوتنێک لەنێوان فرۆشیار و خەڵکی نێو ماڵەکەدا ڕوو بدات، ڕێ بە هەر تاکەکەسێک لە خێزانەکە دەدرێت لەم کەناڵانەوە بەشی خۆی هەڵبگرێت؛ بۆ گەیاندنی گۆشت و ماسی و گژوگیا و سەوزەواتیش بە ماڵەکان، بەرزکەرەوەی خولخولۆکەیی یان پەیژەدار و سەوەتە بەکار دەهێنرێت. ئەگەر هەر زۆر بە ناچاری چوونە دەرەوە پێویست بێت، ئەوا ئەمە بە نۆرە دەبێت و نابێت هیچ بەریەککەوتنێکیشی تێدا ڕوو بدات. جگە لە سەرپەرشتیارەکان، کارگێرەکان و سەربازە پاسەوانەکان هیچ کەسێکی تر بۆی نییە بە شارەکەدا هاتوچۆ بکات؛ لە نێوان ماڵە پەتاگرتووەکانیشدا، کۆمەڵە خەڵکێکیش کە بە "قەلەڕەشەکان" ناسراون، ماڵە تاعوونلێدراوەکان و تەرمی مردووەکان بەسەر دەکەنەوە؛ قەلەڕەشەکان "کەسانێکی ڕیسوا و پلەنزمن کە نەخۆشەکان دەگوازنەوە، مردووەکان دەنێژن، خەریکی پاککردنەوە دەبن و زۆر خزمەتگوزاری

نـزم و سـووک ئەنجـام دەدەن". [فەزای هـاوێرگە] فەزایەکی لێکدابڕاو، بێجووڵە و بەسـتووە. هەر تاکەکەسک جێگەیەکی نەگــۆڕ و تــایبەت بە خــۆیی هەیە و ئەگەر بێــت و لێــی بجووڵێــت، ئەوا ژیــانی خــۆی قوربــانی دەکــات، جــا بە تووشبوون بە پەتاکە بێت یان بە سزادان.

بەبــێ وەســتان و بەردەوام پشــکنین دەکــرا. بە تونـدی چــاودێریی وردی هەمــوو شــوێنێک دەکــرا: "ژمــارەیەکی بەرچــاوی چەکــدار لە ژێــر ســەرکردایەتیی کۆمەڵێــک ئەفســەری لێهـاتوو و کۆمەڵێـک کەسـی شایسـتەدا"، وێـڕای تاقمێـک لە پاســەوانەکان ئامــادەی نــاو هەمــوو گەڕەک و بەردەم دەروازەکـان و شـارەوانیی شـارەکە بـوون تـاکوو بە خێرایــی خەڵــک ملکەچــی دەســتوور و یاســاکان بــکەن و دابەزاندنی دەسەڵاتی ڕەهای بەرپرسـەکان ئاسـانتر بکەنەوە. "هەروەهــا بــۆئەوەی ئێشــک بگــرن و بەرپەرچــی هەر پشــێوییەک، هەر دزی و تــاڵانییەک بــدەنەوە". لە بەردەم دەروازەکانـدا ناوەنـدەکانی پاسـەوانی هەن، لە کۆتـایی هەر شەقامێکیشــــدا پاســــەوانێک هەیە. هەمــــوو ڕۆژێــــک سەرپەرشــتیاری گەڕەکەکە، وەک یەکێــک لە ئەرکەکــانی خـۆی، سـەردانی گەڕەکەکە دەکـات تـاکوو بزانێـت ئـاخۆ کارگێڕەکـان بە باشـی ئەرکەکانیـان ئەنجـام دەدەن یـان نـا، ئـاخۆ دانیشـتووان سـکاڵایان لێیـان نیـیە؛ سەرپەرشـتیاران "چاودێریی کارەکانی کارگێڕەکان" دەکەن. هەروەهـا هەمـوو

ڕۆژێک، کارگێڕەکە بەو شەقامەدا دەڕوات کە لێی بەرپرسە، لە بەردەم هەرماڵێکدا هەڵوەستەیەک دەکات؛ داوا لە هەموو کەسەکان دەکات لە پشتی پەنجەرەکەوە بوەستن (ئەوانەی شـــــوێنی ژیانیـــــان لە ســـــەرەوەی حەوشــــــەکەوەیە پەنجەرەیەکیان بۆ تەرخان دەکرێت کە بەسەر شەقامەکەدا دەڕوانێت و جیا لەوان کەسی تر بۆی نییە لەم پەنجەرەدا دەربکەوێت)؛ کابرای کارگێڕ هەرکەسەو بەناوی خۆی بانگ دەکـات؛ هەواڵـی بـارودۆخ و حـاڵی هەمـووان یەکـبەیەک دەپرسێت، "هەمووان دەبێ ڕاستییەکەی بڵێن ئەگینا ئیعدام دەکـران". ئەگەر کەسـێک بانـگ بکرێـت و نەچێـتە بەردەم پەنـجەرەکە ئەوا کـارگێڕەکە داوای هۆکـار دەکـات: "بەمەیش بە ئاسـانی بـۆی دەردەکەوێـت کە ئـاخۆ مـردوو یـان لە نەخۆشـــێکیان شـــاردۆتەوە یـــان نـــا". هەرکەســـێک لە قەفەسەکەی خۆیدا زیندانە، کە بە ناوی خۆی بانگ دەکرێت و لە پەنـــجەرەکەی خـــۆیەوە وەڵام دەداتەوە، هەرکـــاتیش داوای لێ بکرێ خۆی پیشـان دەدات- ئەمە خۆنیشـاندانێکی گەورەی زیندووان و مردووانە .

ئەم چـــاودێرییە پشـــت بە سیســـتەمی تۆمـــارکردنی بەردەوام دەبەســـتێت: ڕاپـــۆرتی کارگێڕەکـــان بـــۆ سەرپەرشـتیاران، ڕاپـۆرتی سەرپەرشـتیاران بـۆ ئەنـدامانی ئەنجـومەنی شـار یـان شـارەوان ]ی شـار[. لە سـەرەتای "کەرەنتینـە"کەدا خشـتەیەکی سـەرژمێریی تـایبەت بە ڕۆڵـی

دانەبەدانەی دانیشتووانی ئامادەی نا شارەکە دادەنرێت؛ خشتەکە "بەبێ هیچ ئاوارتە و هەڵاواردنێک ناو، تەمەن، ڕەگەز و دۆخی کۆمەڵایەتیی هەمووان"ی تێدا تۆمار کراوە: کۆپییەکی دەنێررێت بۆ سەرپەرشتیاری بەرپرسی گەڕەکەکە، نوسخەیەکی تر بۆ نووسینگەی شارەوانیی شارەکە، نوسخەی سێیەم بۆ کارگێڕەکە جێ دەهێڵرێت تاکوو بتوانێت لێپرسین و بانگە ڕۆژانەییەکانی ئەنجام بدات. هەموو ئەو شتانەی لە سەردانەکاندا تێبینیی دەکرێن – مردووان، نەخۆشان، داواکان، سەرپێچییەکان- تۆمار دەکرێن و دەنێررێن بۆ سەرپەرشتیاران و کاربەدەستان. ئەمانەیش چاودێریی ورد و تەواوی دەرمانە پزیشکییەکان دەکەن و خۆیان دوکتۆرێکی بەرپرس دەستنیشان دەکەن؛ بەبێ ئیزنی نووسراوی ئەو دوکتورە هیچ دوکتۆرێکی تر بۆی نییە خەریکی چارەسەریی پزیشکی بێت، هیچ دەرمانسازێک بۆی نییە دەرمان ئامادە بکات، هیچکام لەو قەشانەش کە دانپێدانانی خەڵک وەردەگرن بۆیان نییە سەردانی نەخۆشێک بکەن، هەموو ئەمانەش بۆ ئەوەیە کە "بەر بە هەرچەشنە شاردنەوە و چارەسەرێکی نەخۆشان و تووشبووانی پەتاکە لە دەرەوەی ئاگاداریی کاربەدەستانەوە بگیرێت". دەبێ تۆمارکردنی بەردەوامی پاتۆلۆژیی نەخۆشییەکە بە شێوەیەکی سانتراڵ و هەمیشەیی ئەنجام بدرێت. هەموو زانیارییەکانیش لەسەر دۆخی هەرکەسێک لە

کـــاتی نەخۆشـــی و لە کـــاتی مردنـــدا بەســـەر ناوەنـــدە دەسەڵاتدارە پێوەندیدارەکاندا دەگەڕێنرێ و ئەوان دەبێ ئەو زانیارییانە لای خۆیان تۆمار بکەن و بڕیاری پێویستی بۆ دەربکەن .

پێـنج یـان شـەش ڕۆژ دوای دەسـتپێکردنی هـاوێرگە، ماڵەکـــــان دانەبەدانە خـــــاوێن دەکـــــرێنەوە. هەمـــــوو دانیشـتووانەکانیان دەهێنـرێنە دەرەوە؛ کەلـوپەل و شـمەکی هەر ژوورێـــک بەرز دەکـــرێنەوە یـــان هەڵدەپەســـێردرێن، بوخوردەکـان دابەش دەکـرێن و دادەگیرسـێنرێن، دەرگـا و پەنجەرەکان دادەخرێن، کونوکەلەبەرەکان دەگیرێن، تەنانەت کونی دەسک یان قفڵی دەرگاکانیش بە مۆم سـواغ دەدرێن. دواجار دوای هەڵکردنی بوخوردەکان هەرهەموو مـاڵەکە بە تەواوی دادەخرێـــت؛ بوخوردەوانەکـــانیش هەم لە کـــاتی چـــــوونە ژوورەوە و هەم لە کـــاتی هـــاتنە دەرەوەدا "لە بەرچاوی خەڵکی مـاڵەکەدا" دەپشـکێنرێن تـاکوو "دڵنیا بـن کە دوای دەرچـوون لە مـاڵەکە، جیـا لەوەی لە سـەرەتاوە پێیـان بـوو هـیچ شـتێکی تریـان هەڵنەگرتبێت". دوای چـوار کـاتژمێر خەڵکی ماڵەکە دەتوانن بچنەوە نێو ماڵەکەیان .

ئەم شوێنە داخراو و لێکدابڕێنراوە کە کون و قوژبنی لە ژێـــر چاودێریـــدایە، شـــوێنێکە تێیـــدا تاکەکـــان شـــوێنێکی نەگۆڕیـان هەیە، بچـووکترین جـووڵەیش چـاودێری دەکرێت، هەمـوو ڕووداوەکـان تۆمـار دەکـرێن، نووسـینی بەردەوام و

نەبڕاوە، ناوەند و پەراوێز پێکەوە دەبەستێتەوە، دەسەڵات بە شێوەیەکی کامڵ و بە گوێرەی ئەرشیفسازییەکی بەردەوام دادەبەزێنرێت، تاکەکان بەردەوام سەرلەنوێ پێناسە وەردەگرێتەوە، پشکنینی پزیشکیی بۆ دەکرێت و بەسەر یەک لە گروپەکانی زیندووان، مردووان یان نەخۆشەکاندا دابەش دەکرێت- هەموو ئەمانە نموونەیەکی چڕوپڕی میکانیزمی دیسیپلینکارن. لێرەدا تاعەون بە تەکووز و نەزم وەڵام دەدرێتەوە؛ وەزیفەی نەزم ئەوەیە هەموو سەرلێشێوان و ناڕوونییەکان بڕەوێنێتەوە: ناڕوونیی ئەو نەخۆشییەی کە لە ڕێگەی تێکەڵبوونی جەستەکانەوە دەگوازرێتەوە؛ هەروەها ناڕوونیی ئەو خراپەکارییەی لە ڕێگەی سڕانەوە و هەڵگرتنی قەدەغەکانەوە و بە هۆی ترس و مردنەوە تەشەنە دەسێنێت و فراوان دەبێت. نەزم بۆ هەر کەس شوێنی خۆی، بۆ هەر کەس جەستەی خۆی، بۆ هەر کەس نەخۆشی و مەرگی خۆی و بۆ هەر کەس مەسڵەحەتی خۆی دیاری دەکات، ئەوەیش بە سایەی دەسەڵاتێکی هەمیشە-ئامادە و هەمووشت-زانەوە، دەسەڵاتێک کە بە ڕێکوپێکی و بێ پچڕان خۆی دابەش دەکات، تا ئەو جێگەی کە بە تەواوی گەمارۆی تاکەکەس دەدات و بە هەرکەسەو تایبەتمەندیی خۆی، موڵک و بەرهەمی خۆی و پێشهاتی خۆی دەبەخشێت. تاعوون شتێکی ناڕوون و تێکئاڵاوە، هەر بۆیە دیسپلین دژ بەم شتە

دەسـەڵاتی خـۆی دەخـاتە گەڕ کە دەسـەڵاتی شـیکردنەوە و ]لێکهەڵوەشاندن[ـە. جـۆرە خەیـاڵێکی ئەدەبـی لە ئاسـت تاعوونـدا هەبـوو کە هەڵگـری تایبەتمەنـدییەکی فێسـتیڤاڵییانە بـوو: یاسـاکان هەڵدەپەسـێردران، قەدەغەکـان هەڵـدەگیران، زەمەنـی ڕوو لە تێپەڕین گـوڕوتینی وەردەگـرت، جەسـتەکان بەبێ ڕەوچـاوکردنی هـیچ شـتێک تـێکەڵ دەبوون، مرۆڤەکـان دەمامکەکانیـان هەڵـدەگرت و وازیـان لە شوناسـە یاسـاییەکەیان دەهێنـا، وازیـان لەو سـیما و وێنەیە دەهێنـا کە پێـی ناسـرابوون و بەم چەشـنە حەقیقەتێکـی تەواوجیـاوازی دیکەیـان ئاشـکرا دەکـرد. بەڵام خەونێکـی سیاسـییش سـەبارەت بە تـاعون هەبـوو کە بە تەواوی جیـاوازە و پـێچەوانەی ئەم خەیـاڵەیە: نەک وێـنەی جەژنـی بەکـۆمەڵ بەڵکـوو دابەشـکاریی ورد و چڕوپـڕ؛ نەک وێـنەی یاسـای پێشێلکراو بەڵکوو شۆڕبوونەوەی یاسـا و ڕێسـاکان تەنـانەت بـۆ نێـو بچـووکترین وردەکارییەکـانی ژیـانیش، ئەمەیـش بە نێـوانگریی پلەبەنـدی و ئارشیفسـازییەکی کامـڵ کە کـارامەبوونی زۆر ورد و ڕێکـوپێکی دەسـەڵاتی گەرەنتـی دەکرد؛ نەک ئەو دەمامکانە کە دادەنرێن و لادەبرێن، بەڵکوو دیـاریکردنی نـاوی "ڕاسـتەقینە"، شـوێنی "ڕاسـتەقینە"، جەستەی "ڕاستەقینە" و نەخۆشیی "ڕاستەقینە"ی هەرهەموو تاکەکان. تاعوون وەک فۆرمێکی هاوکـات واقیعـی و خەیـاڵیی پشـێوی ، دیسـپلینی پزیشـکی و سیاسـیی تـایبەت بە خـۆیی

هەبـوو. لە پشـتی میکـانیزمە دیسـیپلینکارەکانەوە، دەتـوانین یـادەوەریی ئـازاردەر و هەمیشـەیی "پەتـا"، تـاعوون، ڕاپەڕیـن و تاوانەکـــان، دەربەدەری و هەڵهاتنەکـــان لە ســــەربازی، هەروەها یـادەوەریی ئەو خەڵکانەی کە دەردەکەوتـن و دیـار نەدەمـــان و لەنێـو فەوزا و بێنەزمیـدا دەژیـان و دەمـــردن، بخوێنینەوە .

ئەگەر ئەوە ڕاســـت بێـــت کە [نەخۆشـــیی] "گـــولی" ڕیتواڵەکانی دوورخستنەوەی هێنـایە گۆڕێ، ئەو ڕیتـوالانەی کە تـا ڕادەیەک نمـوونە و نیمچەشـێوەی گشـتیی بەنـدکردنی گەورە یان لێ کەوتەوە، ئەوا تـاعوونیش لای خـۆیەوە گەلاڵە دیسـپلینییەکانی لـێ کەوتەوە. تـاعوون لەبریـی دابەشـکردنی کۆیی و دوالیستییانەی گرووپێک و گرووپێکی تر، پێویسـتی بە لێکجـوداکردنەوەی هەمەجـۆر، دابەشـکاریی تاکەکەسـییانە، ڕێکخستنێکی قووڵی چاودێری و کۆنترۆڵ و چڕکردنەوە و پەرشکردنەوەی دەسـەلات هەبوو. گول بە میتۆدی تاراندن و دوورخســتنەوە بـۆ شـوێنێکی داخـراو مـــامەڵەی لەگەڵ دەکرا، ئیدی کەسی گول لەو شوێنەدا بە جێ دەهێڵرا تـاکوو لە نێو کۆمەڵە خەڵکێکدا کە لێکجیاکردنەوەیان هیچ بـایەخێکی نەبوو، ون بێت و دیار نەمێنێت؛ بەڵام تووشـبووانی تـاعوون لە نێـو پۆلێنبەنـدییەکی تەکتیکیـی ورددا گەمـارۆ دەدران، لەم پۆلێنبەنـــدییەدا جیـــاوازییە تاکەکەســـییەکان ڕەنگـــدانەوە و بەرهەمـــی دەســـەلاتێک بـــوو کە بەرفـــرە دەبـــوویەوە، ڕێـــک

دەخــرا و بەســەر ژێربەشــەکاندا دابەش دەبــوو. لەلایەک "بەنــدکردنی گەورە" هەبــوو و لەلایەکــی تــر ڕاهێنــانێکی دروســت هەبــوو؛ گــول و دوورخســتنەوەکەی، تــاعوون و دابەشکردنەکەی. یەکیان نیشانە و داخ دەکرێت، ئەویان جیا دەکــرێتەوە و لێکــۆڵینەوە و پشــکنین و دابەشــکاریی بــۆ دەکرێـــــت. دوورخســـــتنەوەی کەســـــی گـــــول و دەستبەسەرکردنی کەسی تاعوونلێدراو خەونێکی سیاسیی چونیەک و هاوشێوەیان لێ ناکەوێتەوە. یەکەمیان خەونی کۆمەڵگەیەکی پەتی و پاکژ دەهێنێت؛ دووەمیان خەونی کۆمەڵگەیەکی دیسیپلینکراو. دوو ڕێگەی مومارەسەکردنی دەسەڵات لەسەر مرۆڤەکان، دوو ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی پێوەنـــدییەکانیان و هەڵوەشـــاندنەوەی تێکەڵبـــوونە مەترسیدارەکانیان. شاری تاعوون-لێدراو بە یەک پلەبەندیی کامڵ، بە چاودێریکردن، بە نیگا و نووسین تۆڕبەند کراوە؛ شــارێکی لەجووڵەخراو و دەســتەمۆکراوی کــارامەیی ئەو دەســەڵاتە فراوانخوازە کە بە ڕێگــای جیاواز بــاڵ بەســەر هەموو جەستە تاکەکەسییەکاندا دەکێشێت- ئەمە یۆتۆپیای شـــارێکە کە بە پێرفێکتـــی و بەتەواوی کەوتـــووەتە ژێـــر دەســـەڵاتەوە و بەڕێـوە دەبرێـت. تــاعوون (لانــیکەم وەک ئەگەر و شــیمانەیەک) ئەو تاقیکــاری و ئەزمــوونە بــوو کە تێیدا مومارەسـە و خوێندنەوەیەکی ئایدیال بۆ دەسـەڵاتی دیسـیپلینکار بـوو بە کـارێکی مـومکین. یاساناسـان لە پێنـاو

لێکـــدانەوەی شـــێوازی کـــارکردنی یاســـا و مافەکانـــدا لە ڕوانـگەی تیـۆریی پەتیـیەوە، بەشـێوەیەکی خەیـاڵی خۆیـان دەخەنە دۆخـی سروشـتییەوە؛ فەرمانڕەوایـانیش بـۆ ئەوەی چۆنیەتیی کارکردنی دیسپلینە پێرفێکتەکان ببینن، ئاوڕیان لە دۆخـــی تـــاعوون دەدایەوە. لە بنچیـــنەی هەمـــوو پـــرۆژە دیســـپلینییەکاندا، وێـــنەی تـــاعوون نـــوێنەری هەمـــوو تێکئاڵانەکـان و بشـێوی و بێنەزمییەکـانە؛ ڕێـک وەک چـۆن وێنەی گول، واتە وێنەی پێوەندییەک کە دەبێ داببڕێنرێت، بنچینەی هەموو پرۆژەکانی نەفیکردن و دوورخستنەوەیە .

**وەرگێڕانی هاوار محەمەد**


سەرچاوەکان :

From “Discipline and Punish. The Birth of the Prison”, translated by A. Sheridan, pp. ١٩٥-٢٢٨. Vintage Books, ١٩٩٥.

https://www.journal-psychoanalysis.eu/coronavirus-and-philosophers/

میشیل فوکو: المراقبە و المعـاقبە. ولادە السـجن، تـرجمە: د. علـی مقلـد، مراجعە و تقدیم: مگاع یفدی، مرکز الإنمـاء القومی، بیـروت، ١٩٩٢، صـص ٢٠٦-٢٠٩ .

# وەک دزێک لە نیوەشەودا

**هاوار محەمەد**

*"ڤایرۆس خۆی هەم نێوانگرە و هەم پەیامیشە"*
*Jean Baudrillard*

سیستەم هەوڵدانی بەردەوامە بۆ شوناسدان بە شتە بێشوناسەکان. لەمڕۆدا شوناس لکاوە بە شێوەوە. ئەم لۆژیکە بەسەر خۆیدا هەڵدەگەڕێتەوە: لە فرەیی شێوەکاندا هەموو ناوەڕۆکێک، کە پێشتر شوناسی بەرجەستە دەکرد، لەدەست دەچێت. بە بڕوای جان بۆدریار، ئێمە چیتر ناتوانین هەم فۆڕم و هەم ناوەڕۆک پێکەوە بگرین. گەر خۆمان بە ناوەڕۆکەوە بلکێنین فۆڕم لە دەستمان دەخزێت، گەر فۆڕم بگرین ناوەڕۆک لەدەست دەدەین. دەمێکیشە سیستەم فۆڕمی هەڵبژاردووە، ئێمەیش کەوتینە ئەوینی وێنەکانەوە و ناوەڕۆکەکانمان دۆڕاند. ئێستا وەختی ئەوە هاتووە هەمووان، هەم سیستەم و هەم ئێمە، باجی ئەم

فۆڕمشـــەیداییە و ئەم وێنەپەرســـتییەی خۆمـــان بـــدەین بە بوونەوەرە بێ فۆڕمەکان. "ئەوەی لە ڕێگەی شێوەوە بژی لە ڕێگەی شێوەیشەوە دەمرێت" (بۆدریار) .

کەڵەکەکردنی بێ پایانی فۆڕم، دەرگا بۆ بێفۆڕمییەکی بێکۆتـــاییش دەکـــاتەوە. ئەمە دیـــوە لێکـــدژ و ڕادیکـــاڵەکەی فۆڕمە. ڤایرۆس ناوێکە بۆ ئەم دۆخە کە لەم سەردەمەماندا هـــاتووەتە ئـــاراوە: ســـەردەمی شـــتە ورد و نەبینـــراو و بێشـــێوەکان. لە ڕوانـــگەی بۆدریـــارەوە گەڕانەوەیەکـــی ڤایرۆسییانەی پرۆسێسە گەردیلەییەکان دەستی پێ کردووە کە ناتوانین حاشای لێ بکەین یان خۆمانی لێ لا بدەین؛ ڕەنگە ئیتر گەڕانەوەی ئەبەدیی نیچەیی، گەڕانەوەی شتە ئێجگـــار بچووکەکـــان بێـــت بە تـــۆپەڵی پارچەپـــارچە کە دووبـــارەبوونەوەی نەزمـــی وردیـــی و نـــا-مـــرۆییە. بەمرۆییکردنی زێدەڕەویانەی هەموو شتێک سەری لە نا-مرۆییەوە دەرچووە؛ ئەمەیان کەمێک جیاوازە لە هێزی نا-مرۆیـــی ســـەرەتایی سروشـــت. سروشـــت لە دەورانە جیاوازەکانی مێژوودا خۆی نارێکییەکانی خۆی هاوسەنگ کـــردووەتەوە، ئێســـتا بە جـــۆرێکی جیـــاواز، لە ڕێـــگەی جەنگـــاوەرە گەردیلەییەکـــانییەوە، نـــارێکییە مرۆڤکردەکـــان بـــالانس دەکـــاتەوە. ڤـــایرۆس تـــۆڵەی ناچـــارانە و کینـــاویی سروشـــتە دەرهەق بە کـــۆنترۆڵی بەردەوامـــی سروشـــت و ئۆبێکتەکان لەلایەن مرۆڤەوە، بەلام ئەم پرۆسەیە خۆی بە

تەواوی سروشـــتیی نیـــیە، چـــونکە لـــۆژیکە کـــۆنەکە هەڵگەڕاوەتەوە: ئەوەی نەخۆشی بۆ خۆی بەرهەم دەهێنێت خۆدی سیستەمی بەرگرییە .

لەدوای ڕووخـــانی دیـــواری بەرلیـــنەوە، سیســـتەمی سـەرمایەداری خۆی وەک "یەک"ـی موتڵەق ڕاگەیاندووە کە هـیچ نەیـارێکی ڕاسـتەقینەی لە گۆڕەپـانەکەدا نەمـاوە، بە بڕوای بۆدریار، بۆ ئەبەدیکردنەوەی ئەم دۆخە سیستەم وا خەریکە هەموو شتێک قووت دەداتە نێو خۆیەوە، بۆیە لە نێو خۆیدا تووشی زرنگانەوە هاتووە و لە ناوەوەی خۆیدا فشـــۆڵ و ناســـک بـــووەتەوە. دەلاقەی دەربـــازبوون لەم ناسکییە ناوەکییە دانانی سیستەمی بەرگرییە بۆ دوژمنە مەزەندەکراوەکانی، بۆ دژەجەستەکانی نێو جەستەی خۆی. ئەم دوژمنـــایەتییە یـــان دەبێـــت بە مـــادەی دەرەکـــی ڕووبەڕووی ببێتەوە؛ یان دەبێت دژەجەستەکان لا ببرێن و بە کوتان تێک بشکێنرێت. بەم جۆرە سیستەم خۆی زەبر ئاراســتەی نــاوەوەی خــۆی دەکــاتەوە. ئەمە بەرئەنجــامی لۆژیکی زێدە-بەرگرییە. سیستەم بۆ زاڵبوون بەسەر ترس و دڕدۆنگییەکەیدا بەرگری دەگۆڕێت بۆ زێدەبەرگری و کوتانی پێشوەخت دژ بە دوژمنە دیاریکراوەکان (لە حاڵەتە پزیشکی و بایۆلۆژییەکەیدا بۆ نموونە کوتان دژی ئیفلیجی یان دژی ئاوڵە)، بەڵام ڕێک لەوێدا بەرگریی تێک دەشکێت کە هەمیشە دوژمن جێگیر و خاوەن شوناس نییە. لە وەها

دۆخێکدا جاری وا هەیە سیستەمی بەرگری بەشێک لە خانەکانی خۆی ناناسێتەوە و لێی دەبێت بە دوژمن، بۆیە زەبرەکانی ئاراستەی خانەکانی خۆی دەکات. جاروبارێکیش لە شێوەی فەوزا و تارمایی و ڤایرۆسدا دەردەکەوێتەوە، وەکوو کۆرۆنا کە خانەگەلی نوقسانە و لەگەڵ خانە تەواوەکاندا یەک دەگرن و تێکیان دەشکێنن؛ هەر لەبەر ئەمەیە دوژمن، یان دوژمنی داهاتوو، تەنیا لە کاتی هاتنیدا دەرکی پێ دەکەین؛ "وەک دزێک دێت لە نیوەشەودا" (نامەی دووەمی پەترۆس، ٣، ١٠؛ نامەی یەکەمی قەشە پۆڵس بۆ خەڵکی تسالۆنیک، ٥، ٢؛ مەتتا، ٢٤، ٤٣) یاخود ڕەنگە تەنیا دوای دزییەکە هەستی پێ بکەین، وەختێ چیتر شتەکان لەجێی خۆیان نەمابن؛ ئەمە کتومت خەسڵەتی ڤایرۆسی کۆرۆنایە. کۆرۆنا لە پێشدا دزە دەکاتە لەشەوە و لەگەڵ خانەکان یەک دەگرێت، بە هێواشی و هەستپێنەکراو و بێ هیچ نیشانەیەکی پێشوەخت، سیستەمی بەرگری تێک دەشکێنێت، ئینجا لە نزیکبوونەوەی مەرگدا نەخۆش هەست بە دزییەکە دەکات .

ئەوە سیستەمە کە سروشتی بە ئاگا هێناوەتەوە، وەختێ کە سروشتی تەنیا لە وزە و مادەی خاودا بۆ بەرهەمهێنان و بەکاربردن کورت کردۆتەوە؛ کاتێک سروشت وەک سەرچاوەی وزە ببینرێت نە زیاتر، تەنیا بکرێتە پانتاییەک بۆ تالانی و ڕووتانەوە، ئەوا بە کارەساتە

سروشــتییەکان بــۆ خــۆی ڕادەپەڕێــت، یــان بە گیــانەوەرە بچووکەکـــــان وەڵام دەداتەوە. ئەمەی ئێســـــتا ڕوو دەدات شۆڕشــی ڤایرۆســەکانە. کۆرۆنــا، لەبریــی چینــی کرێکــار، لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا گەورەترین شۆڕشـی دژ بە سیسـتەم بەرپا کردووە. گەورەیی شۆڕشـێکیش بەوە ناپێورێت چەند کەس دەکوژێت (ئەگەر بڕیـار بێ بە ڕێـژەی مردنـی خەڵـک لێک بـدرێتەوە کە گـوایە تەنیـا ٣%ی تووشـبووان دەمـرن)، بەڵکــوو بەوەیە کــوێی سیســتەمەکە دەهەژێنێــت، چەنــدە متمـــانەی بەخـــۆی لە لا لاواز دەکـــات و تـــا چەنـــد ورەی دەڕووخێنێت. ڕاگەیاندنی دۆخی ئاوارتەی جیهـانی، نیشـانەی زاڵبـوونی بێمتمـانەیی سەرتاسـەرییە. وێـڕای ئەمە، سیسـتەم مەحـــاڵە دان بەم ڕاســـتییەدا بنێــت؛ بــۆیە لەم پرۆسێســـەدا ئەســتەمە ئەنجامەکــان و هۆکارەکـان بە وردی دەستنیشــان بکـــرێن، هەر بـــۆیە هۆکـــاری جیـــاواز تـــاوتوێ دەکـــرێن: خواردنی گۆشتی نەشیاو، تیۆریی پیلانگێڕی، پاڵنەری بـازاڕ و شتی تـر. بەڵام شـەپۆلی ڤایرۆسـەکان هەمیشـە بەم جۆرە ڕوو نـادەن، ڤـایرۆس لەوێدا ڤایرۆسـی ڕاسـتەقینەیە کە هەر بە ســادەیی کــۆیلە نیــیە بەدەســت زلهێزەکــانەوە. ئەمە لەو ڕاستییە غافڵمان ناکات کە هەوڵـی ڕامکردنی ڤایرۆسـەکان و بەرهەمهێنـانی چەکـی بـایۆلۆژی بـووەتە کەڵـکەڵەی وڵاتـانی زلهێـز؛ بەڵام هێشـتا هـیچ کەس نییە بە تەواوەتـی لەوە دڵنیـا بێت کە جیهـانی ڤایرۆسـەکان بە تەواوەتـی کەوتـووەتە ژێـر

هەژموونیی بایۆتەکنیکەوە و هەمیشە بە ئەنقەست بەرهەم دەهێنرێن. ئەو تیۆرەی کە دەڵێت کۆرۆنا بەهۆی هەڵەی یەکێک لە تاقیگەکانەوە بڵاو بووەتەوە خۆی تاڕادەیەک تیۆریی "ئەنقەست" لاواز دەکات، چونکە بەو مانایەیە تەنانەت لە زانستیترین و ماشێنکارترین پرۆسەیشدا ئیمکانی خزان و تێکچوونی پرۆگرامەکە لە ئارادایە .

هەڵپەی زانست بۆ لەسروشتخستنی سروشت، ئەو خەیاڵەی لای مرۆڤایەتیی دروست کرد کە هەموو پانتاییەکان دەهێنرێنە ژێر ڕکێفی مرۆڤەوە، لە قووڵاییشدا زانست بەردەوامە لە سازکردنی سیناریۆ دڵنیاییبەخشەکان کە بەڵێنی شکاندنی کۆدەکانی جیهان دەدات لە ڕێگەی هەنگاوە پێشکەوتنخوازەکانی ئەقڵەوە. بە گوێرەی ئەم گریمانەیە ئێمە جیهانمان "کەشف کرد"، هەر لەوێدا ئەتۆمەکان و بەشەکان و بەکتریاکان و ڤایرۆسەکان و هی ترمان هێنایە نێو تاقیگە و ڕووبەری بینینەوە. بەڵام بە بڕوای بۆدریار هەرگیز بڕیار نەبوو لە هەمان ئەو کاتەی ئێمە شتەکان کەشف دەکەین ئەوانیش ئێمە کەشف بکەن، واتە، گریمانەکە وەها دانەنراوە کە تێیدا کەشفکردن پەیوەندییەکی دوولایەنە بێت. ئەمەیش لەبەر ئەوەی ئێمە ئۆبێکت لە ئەسڵێتییەکەی خۆیدا دەرک پێ ناکەین. پێمان وا بوو ئۆبێکت بێجووڵەیە و جێگیرە و چاوەڕێی کەشفکردنەکەیەتی. بەڵام سیستەم خراپ شتەکانی

خەملاندووە. ئەو کاتەی سوبێکت ئۆبێکت کەشف دەکات – بۆ نموونە ڤایرۆس– کەشفێکی پێچەوانەیش، لەلایەنی بەرامبەرەوە، ڕوو دەدات. خۆ گەر مەسەلەکە کەشف نەبێت، داهێنانیش بێت، ئەوا هێشتا هەمان لۆژیکە. لەمڕۆدا دەوترێت زانستەکان چیتر ئۆبێکتەکانیان "کەشف" ناکەن، بەڵکوو "دایان دەهێنن". ڕەنگە پێویست بێت بوترێت ئۆبێکتیش لە "کەشفکردنمان" زیاتر دەکات، واتە ئەویش "دامان دەهێنێت"؛ بە کورتی و پوختی دەمانکات بە ئۆبێکتی بیرکردنەوەی خۆی! وا پێدەچێ ئێمە بە بێباکییەوە ئۆبێکتمان لە خەونی خۆی و لە بێدەربەستیی خۆی، لەو سەرداب و گۆڕەی تێیدا شاردرابوویەوە، بەخەبەر هێنابێتەوە .

ئێستا ئیتر ئەو یەکە ڕەهایە "ئەوی‌تریکی ڕەها"ـیشی هەیە. ئەم ئەوی‌ترە نە دوژمنێکی دەرەکییە و نە بەشێکی ئاوێزانی ناوەوەیە؛ ڤایرۆس خۆی لە دەرەوەی ئەم دوالیزمەیە، لەبەر ئەمەیە تەواو غەریب و نامۆیە. ئەم ترس و بزرکانەی سیستەم لە فیلمەکاندا بەردەوام دەرکەوتوونەتەوە: بوونەوەرە نامۆکان جیهان داگیر دەکەن. وێناکردنی غەریبەکان و نامۆکان، بە تایبەت لە فۆڕمە ترسێنەرە هۆڵیوودییەکەیدا، دەمانگەیەنێتەوە بە خاڵی سەرەتا: هەوڵی پێدانی شێوەیەک بە بێشێوەکان. ئەمە یەک مانای هەیە: سیستەم نایەوێت دان بە دوو شتدا بنێت:

یەکەم، بوونە تاکجەمسەرییەکەی خۆی هۆکار و زەمینەی ڤایرۆسە؛ دووەم، نایەوێت دان بە هیچ ئەویترێکی ڕەهادا بنێت، بەڵکوو هەوڵ دەدات بە کەرەستەی جیاواز، لەوانە دەرمان یان کردنی بە کارتی ململانێ لە بازاڕدا یان بەرهەمهێنانەوەی لە تاقیگەکانی بایۆتەکنیکدا، بیگۆڕێت بە "ئەویتری خۆیی" و ئاشنا. ئەم نکوولّییە خۆی دەبێتەوە بە هۆکار و زەمینەی بەرهەمهێنانەوەی ڤایرۆسەکان کە هێرش دەکەنە سەر ماشینەکان، کەرەستەکان، تۆڕەکانی جەستەکەی و تێکیان دەشکێنن یان لەکاریان دەخەن. لە پاڵ گەشەکردنی بازاڕی سپییەوە، کە لە ئێستادا بازاڕی شەرعێنراوی دەسەڵاتی سەرمایەیە بەسەر جیهاندا، بازاڕی ڕەشیش تا بێ بەرینتر دەبێتەوە. ڤایرۆس بازاڕی ڕەشی زانستی دەرمانسازی و بەرهەمهێنانی دەرمانە لە ڕۆژگای ئەمڕۆماندا. دۆخی جەستەی مرۆڤ وەختێ تووشی کۆرۆنا دەبێت، وێنەی بچووککراوەی هەمان لۆژیکە. کۆرۆنا ناوەندی بەرگری تێک دەشێکێنێت و جەستە پەک دەخات، خودی جەستە دەکات بە پەیام. بە پێچەوانەی نەخۆشییەکانی دیکەوە کە جەستە لە ڕێگەیانەوە شتێک دەڵێت و بە نیشانەکانی نەخۆشییەکە ئاماژە و پەیامەکانی دەنێرێت، ڤایرۆس کۆی جەستەی پەککەوتوو یان مردوو دەکات بە پەیامی خۆی. لە حاڵەتی یەکەمیاندا نەخۆشی دەبێتە پەیامی جەستە، لە دووەمیاندا جەستە دەبێتە پەیامی

ڤایرۆس. لەبەر ئەمە ڤایرۆس هەم نێوانگری خۆیەتی و هەم پەیامی خۆی. "ڕۆجییە عۆتە" پێی وایە سیستەم ناتوانێت ئەم پەیامە وەربگرێت و وەڵامی بداتەوە، چونکە نایەوێت دان بەوەدا بنێت کە پەیامەکە نێرەر یان سەرچاوەیەکی هەیە؛ گەر وا بکات مانای وایە ملی بەوە داوە کە ئەوی‌ترێک لە گۆڕێدایە، ئەمەیش هەڵوەشانەوەی تاکایەتییەکەی خۆیەتی. بە بڕوای عۆتە، سیستەم لەبریی ئەوەی پەیامەکە وەربگرێت، دەستاودەستی پێ دەکات، دەیگوازێتەوە، دەیکاتە پەیامێک لە ناو خۆیەوە بۆ ناو خۆی. پەتا بریتییە لە ڕەوانەکردنەوەی بەردەوامی ئەم پەیامە؛ کاتێک جەستەیەک جەستەیەکی تر تووشی ڤایرۆس دەکات، ئەوا پێش هەموو شتێک ئەم پەیامەی بۆ دەگوازێتەوە، لێرەوە بۆ ئەوێ، لەم بۆ ئەو؛ بەم جۆرە پەیامەکە لە هیچ کوێوە وەڵام نادرێتەوە، بەڵکوو تەنیا لە سیستەمەکەدا، لە نێو خۆیەوە بۆ نێو خۆی، دێت و دەچێت، وەک بڵێی سیستەم خۆی دەبێتە سەرچاوە و نێرەری پەیامەکە تاکوو وەڵامی نەداتەوە. یەکێک لە تەکنیکەکانی سیستەم بۆ ئەم گۆڕینە دەستنیشانکردنی وەزیفە و ئامانجی دیاریکراوە بۆ ڤایرۆسەکان، واتە بەرهەمهێنان و پەرەدان بە ڤایرۆس وەک چەکی بایۆلۆژی. جاک دێریدا پێی وایە جەنگی داهاتوو جەنگی بایۆلۆژییە، بەڵام پێدەچێ تیرۆریزمەکەیشی هەر تیرۆریزمی بایۆلۆژی بێت. گەر سیستەم مرۆڤ هاک

دەکات، ئەوا ڕەنگە تیرۆریزم (یان شۆڕش!)یش سیستەم هاک بکات. لە هەردوو بارەکەدا ڤایرۆس خۆی چیتر کاڵوکرچ و بێئامانج نامێنێتەوە و دەبێتە چەک. لەبەر ئەوەی هەموو ئەم شتانە ئاوا ئاڵۆزن، بۆیە هێشتایش بە وردی سەرچاوەی کۆرۆنا دیار نییە و نازانین کێ ناردی و پەیامی کێیە .

فیکر لەم پرۆسەیەدا بێلایەن و سەیرکەر نییە. بە بڕوای بۆدریار فیکر دەبێت یارمەتیدەری ئەو پرۆسێسانە بێت کە بێشێوەیی زیاتر بەرهەم دێنن، هەر لەبەر ئەمەیش بەشێکە لە گەمەکە. کاری فیکر ئەوەیە پرۆسەی خەبەربوونەوەی ئۆبێکتەکان خێراتر بکات، وا بکات ڤایرۆسەکان زیاتر کەشفمان بکەن. دەبێت فیکر لەم پرۆسێسەدا بەشدار بێت، دەبێت قەڵەمبازێک بدات، بگۆڕرێت، سەرکەوێت. ئامانجەکە یەکسەر دانانی نەزمێکی ئەڵتەرناتیڤ نییە کە فیکر بیەوێ بەدیی بهێنێت یان بەشدار بێت لە بەدیهێنانیدا، بەڵکوو ئەوەیە فیکر خۆی تووشی پەتا ببێت و بگۆڕرێت بۆ ڤایرۆس، وەک بۆدریار دەڵێت سروشتێکی ڤایرۆسی و نا-مرۆیی وەربگرێت، تاکوو بتوانێت سەقامگیرییەکان بهەژێنێت. ڤایرۆس هیچ نەزمێکی نییە و هیچ نەزمێک ڕیاڵیزە ناکات، نایەوێت حەقیقەتێکی واقیعی بخاتە جێگای ئەم ساختە-واقیعەی ئێستا هەیە، نایەوێت بە واقیعێکی حەقیقی شوێنی ئەم زڕەواقیعەی

ئەمـڕۆ بگـریێتەوە، بەڵکـوو کـائۆس، بۆشـایی ڕەهـا، بیابـان وەدیـی دەهێنێـت، سـەرجەمی ئەمـانەیش لە ژێـر چەتـری مەجازدا کۆ دەبنەوە. فیکر مەجاز دەهێنێتە نێو واقیعەوە و بەشـداره لە بەمەجـازیبوونەوەی زیـاتری واقیعـدا، واقیـع تووشـی بزرکـان و وڕێـنە و سەرلێشـێوان دەکـات؛ فیکـر دەبێـت پشـتیوانی سـاتی بێنەزمـی بێـت، دەبێـت بیابـان ڕابکێشـێتە نێـو ووهـان و نیویـۆرک و لەنـدەن و بەرلـین و تـاران و مەکـکەی مـوککەڕەمەوە (کە چەنـدین سـاڵە شـوێنەواری بیابـانی لـێ دەسـڕرێتەوە). تـۆ دەتوانیـت پەڵـپ بگریـت و بڵێیـت ئەمە مانـای شاگەشـکەبوونە بە مردنـی خەڵکـانی هەژار و بێتـاوان و ئاسـایی. ڕەنـگە وا بێـت، بەڵام ئەمە تێگەیشـتنێکی یەکـدیوە. فیکـری ڕادیکـاڵ (بـۆ نمـوونە بۆدریار) تەنیا بۆ نـانەوەی کائۆس لە نەزم نزیک دەبێتەوە، تەنیـا بە پـێچ و مەکـر دەبێتە یارمەتیدەری سیسـتەم تـاکوو بیخـاتە تەڵەی خـۆیەوە، وەک بڵێـی قسـەکەی هێگڵـی هەڵگرتۆتەوە: فێڵکردن لە فێڵبازەکان. هاندانی ستەم و تیرۆر و فاشـیزم و مەرگ، دوورە لە خەسـڵەتی فیکـری بەرنگـار، بەو مەرجەی بەرنگاری تەنیا وەک دژایەتییەکی ڕەق و تەق و نکوڵیگەراییەکی بێبـایەخ و تونـدوتیژ نەبینین. لە جیهانێکدا کە هیچ ئەستێرەیەکی گۆڕانکاری لە ئاسـۆوە پرشنگ نەدات، هیچ دوکتۆرێکی شارستانییش بە مانا نیچەییەکەی حزوری نەبێت، لانیکەم فیکر دەتوانێت نیشـانەکانی ئەم نەخۆشـییانەی

شارستانی زەقتر بکاتەوە، هاوکات لە قەبارەی خۆیشیان بچووکتر نیشانیان بدات تاکوو بەسەر نەخۆشەکەدا قلّپ دەبنەوە. فیکر بەوە بەختەوەر نابێت نەخۆشی سەروەر بێت، بەلاّم وەختێ نەخۆشی و چارەڕەشی زالّ بوویێت، ئەوا لەبریی شیوەنکردن دەست دەکات بە قۆشمەیی. قۆشمەیی وەک بەرنگاری، کە دووره لە گاڵتەجاڕی و فشقیاتی موبتەزەل، پتر فۆڕمی ڕیسک و مەترسی وەردەگرێت.

سەرچاوەکان :

- Jean Baudrillard: Cool Memories II, ١٩٨٧-١٩٩٠, Trans. By: Chris Turner, Duke University Press, Durham, ١٩٩٦.

- Jean Baudrillard: Impossible Exchange, Trans. By: Chris Turner, Verso, London-New York, ٢٠٠١.

-روجیه عوطه: الفكر الفیروسی، المدن- جریده الكترونیه مستقله، ٢٠٢٠/٢/٢٤ .

https://www.almodon.com/culture/٢٠٢٠/٢/٢٤/%D%A٨-١%B٨%D٨٣%٩%D٨١%٩%D٨٤%٩%D٧%٩%D١%B٨A%D٨%٩%D٨١%٩%D٨٤%٩%D٧%A٨%DA٨%٩%D٣%B٨%D٨٨

-روجیه عوطه: فیروس ینتج فیروساً، المدن- جریده ڕلكترونیه مستقله، ٢٠٢٠/٢/٢ .

https://www.almodon.com/culture/٢٠٢٠/٢/٢/%D٩%٨١%D٨%B٣%D٨٨%D٩%D١%B٨A%D٨%٩%D٣

## ژیانەوەی سیاسەتی حەقیقی
## لە سەردەمی کۆرۆنادا
### عەدنان حەسەنپوور

دوابەدوای سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا و مەرگی ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵک، پرسیارێکی بنەڕەتی بەرۆکی کۆمەڵگا و ئینسانەکانی گرتووە: ئایا دەبێ دیسان بگەڕینەوە بۆ هابز و لێڤیاتان؟

هەرچەند هێشتا زۆر زووە بۆ تێگەیشتنی وردی ئەو گۆڕان و لێکەوتە شیمانەکروانەی دەشێت دۆخی کۆرۆنایی بیانخاتەوە، بەڵام هەندێ دیاردە و ڕووداوی ئەم ماوەیە ئاوا پرسیارێکی لای گەلێ کەس وورووژاندووە و ناچاری کردوون بیری لێ بکەنەوە. بێگومان بیرکردنەوە لەم بابەتە گەلێ شیاو و دروستیشە؛ ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە پرسی بەرنگاربوونەوەی دیاردەی کۆرۆنادا دەوڵەتی بەهێز و لێڤیاتانئاسای چین گەلێ کارامەتر لە دیمۆکراسییەکانی ڕۆژئاوا و دەوڵەتە شێوەدیمۆکراتیکەکان یان دەوڵەتە

ئایدیۆلۆژیکەکانی وەک ئێران جوولاوەتەوە. کە وایە ڕەنگە پێمان وا بێ خەسارلێکەوتووانی کۆرۆنا ناحەقیان نییە ئەگەر بیانەوێ ئازادی لە بەردەم ئاسایشدا قوربانی بکەن و ئاواتەخوازی دەوڵەتێکی وەک چین بن. چونکوو سەرەڕای ئەوەی وڵاتی چین ئاخێزگەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوو، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی تووشبوودا، لە زەمەنێکی کەمتر و بە ڕێژەیەکی زۆر کەمتری مەرگی هاووڵاتییان (بەپێی ڕێژەی تووشبووان و حەشیمەتی گیرۆدەبوو) قەیرانەکەی دەرباز کرد و تا ڕادەیەکی زۆر پێی نایە نێو قۆناغی پاش کارەساتەوە و ئێستا ئیدی سەرقاڵی ئامادەکارییە بۆ بەرنگاربوونەوەی لێکەوتە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کارەسات.

بێگومان بەردەوامبوونی باڵادەستیی فۆبیای کۆرۆنا دەشێت بێتە هۆی قووڵبوونەوەی ئەو حەزی گەڕانەوەیە بۆ ئایدیای دەوڵەتی بەهێز و ئەم حەزەش، وەک ئاگامبێن دەڵێت، لە خۆیدا بێتە هۆی پەرەسەندنی هەرچی زیاتری مەیلی لەبڕاننەهاتووی دەوڵەتان بۆ پەرەپێدان و پتەوترکردنەوەی "دۆخی ئاوارتە". ئەوەی دەرئەنجام لەم کەشە دەکەوێتەوە بریتییە لە گەڕانەوەی لێڤیاتان، بەڵام پێچەوانەی بەشی هەرەزۆری مێژووی هاوچەرخ، گەڕانەوەی ئەم جارەی یەکانگیر دەبێ لەگەڵ شەیدابوونێکی

گشتیشـــدا و بەم پێـــیەش ســـەرکەوتووانە شـــەرعییەتێکی گەورەی جەماوەری دەگرێتە ئامێز.

ئاشـــکرایە کە کێشـــەیەکی جیـــدی کەوتـــۆتە بەردەم دژبەرانـــی دەســـەڵاتی تۆتـــالیتەری بەهێـــزەوە و ئەگەر هەنـووکە وەڵامێکـی گونجـاو و کـارامەی بـۆ نەدۆزنەوە، پێـدەچێ وەهـا خەسـارێکی گەورەی لـێ بکەوێـتەوە کە قەرەبووکردنەوەی بەشێک لەم خەسارە نیازی بە ساڵەهای ساڵ دەرفەت و تێکۆشـان ببێت. بیرمـان نەچـێ ئەمێسـتاکە تارمابییەکی لێڵوپێڵ و تاریک باڵی بەسەر جیهاندا کێشاوە و ڕێـک لە ئـاوا دۆخێکـی ئـاوارتەدایە کە ئامـادەکردنی جەمـاوەر بـۆ قبـوولکردنی زەرووڕەتـی گەڕانەوەی لیڤیاتـان گەلـێ سـاناتر و مـومکینتر دەبێـتەوە. کە وایە ئەرکـی سەرشانی هەموو ئەوانەی هەستیان بەم مەترسییە کردووە ئەوەیە کە هەر شـتێکیان پێـیە پێشکەشـی بـکەن و بـیخەنە بەردەم پێوەری کردارەوە، بەڵکوو بەم ڕێگایەدا بتوانین بەر بە سـەرکەوتنی ناسیاسـەتی دەسەڵاتپەرسـتان و دژبەرانـی ئـازادی و دادپەروەری بگـرین، ئەوانەی بە بانگەشـەی درۆیینـی دەسـتەبەرکردن و گەرەنتیکردنـی بەختەوەریـی مـرۆڤەوە دێـنە مەیـدان و دواجـار تەنیاوتەنیـا دونیـا بەرەو هەڵدێرێکی قووڵ دەبەن.

هەر بـۆیە مەبەسـتی ئەم نووسـراوەیە ئـاوڕدانەوەیەکی پوخـت و کـورتە لە شـێوازی نزیکبـوونەوەی خەڵکـی

ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان لە دیـــاردەی کۆرۆنـــا، ئەو هەڵسوکەوتەی ڕەگی لە نێو نەریتی سیاسیی هاوچەرخی کوردستاندایە و لەو چاوگە ئاو دەخواتەوە. ئاوڕدانەوە لەم بابەتە تەنیا بۆ ستایشکردن و پیاهەڵدانی ڕووت نییە، بەڵکوو بۆ دۆزینەوەی وەڵامێکە بۆ ئەو پرسیارەی لە سەرەتای وتارەکەدا خرایە بەردەست. با سەرەتا بە کورتی چیرۆکەکە بگێڕینەوە:

«دوابەدوای ئەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا هاتە نێو ئێرانەوە و حکـــوومەت وەک هەمیشـــە کەوتە حاشـــاکردن و شـــاردنەوەی ڕاســـتییەکان، کۆمەڵگـــا دڵنیـــا بـــوویەوە کە دەســـەڵات نە دەیـــهەوێ و نە لە توانایـــدایە بەرنگـــاری ئەم بەڵایە ببێـــتەوە، هەر بـــۆیە ئەنجـــومەن و ڕێکخراوەکـــانی کۆمەڵگـــای مەدەنیـــی کوردســـتان وەک هەمـــوو ڕووداو و کارەساتە سروشتی و ناسروشتییەکانی ئەم چەند دەیەی دوایی (بە ئاسانگیری و دڵفراوانییەوە وشەی "سروشتی" بۆ هەندێ کارەساتی وەک لافاو و تەنانەت بوومەلەرزە بەکار دەهێـنم، ئاســتی کــاریگەریی دەوڵەت لە تەشەنەســەندن و تەنــانەت ڕوودان و قەومــانی ئەم کارەســاتانەدا زۆر لەوە ئاشکراترە کە نیازی بە قەڵەمسووڕدان بێت) دەستیان دایە گەڵاڵەکردنی هەندێ چالاکیی کرداری بۆ بەرنگاربوونەوەی ئەو کارەساتەی لە بەردەممانـدایە. بنچینە و بنەمای هەموو ئەم گەڵاڵانە بریتـــی بـــوو لە گەڕانەوە بـــۆ کۆمەڵگـــا و

ڕێکخستنی جەماوەری. ئەوان بە پشتبەستن بە سەرمایەی کۆمەڵایەتیی بەرچاو و بەپێز و کارامەی خۆیان، لە ماوەیەکی کورتدا کۆمەڵێک ئەنجومەن و شۆرایان بۆ ڕێکخستن و بەکرداریکردنی گەڵاڵەکان دروست کرد. بەو پێیەش کە دیاردەی نوێ و پێشبینینەکراوی کۆرۆنا ڕووبەڕێکی زۆر بەربڵاوتر لە هەموو ڕووداوەکانی پێشووی گرتۆتەوە، ڕێکخستنە جەماوەرییەکەیش هەڵگری گەلێ ڕەهەند و ڕووبەری بەرینتر و گەورەتر لە جارانە. ئێستە لە زۆرێک لە شار و تەنانەت گوندەکانی کوردستاندا "کۆمیتەکانی گەڕەکەکان" و "کۆمیتەکانی گوندەکان" ڕێک خراون کە پێک هاتوون لە خەڵکی دانیشتووی هەمان ئەو گەڕەک و گوندانە. ئەم کۆمیتانە لە ڕێگەی شۆرای هاوبەشی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی شارەکانەوە، کە لە هەر شارێکدا ناونیشانێکی جیاوازیان هەیە، پێشنیارەکان پێشکەش دەکەن و ئینجا گەڵاڵە پەسندکراوەکان دەبەنە نێو بواری کردارییەوە و جێبەجێیان دەکەن.. ئەرکەکانی ئەم شۆرا و کۆمیتە خۆبەڕێوەبەرە خەڵکییانە کۆمەڵە چالاکییەکی بەربڵاو دەگرێتەوە؛ لە هۆشیارکردنەوەی خەڵکەوە بگرە تا دەگاتە بەرهەمهێنان، دابینکردن و دابەشکردنی کاڵای پزیشکی و تەندروستی و تا یارمەتیدانی توێژە هەژارەکانی کۆمەڵگا کە دۆخی کۆرۆنایی بۆتە هۆی

کێشــە یــان پەککەوتنــی تەواوی ســەرچاوە بەرکورتەکــانی بژێوی ڕۆژانەی ژیانیان».

ڕەنگە لە هەندێ نـاوچەی دیکەشـدا چەشـنێک لە کـاری خێرخــوازی و یارمەتیــدانی لێقەوماوانمــان دیبێــت، بەڵام بێگومـان ئەوەی لە کوردســتاندا ڕوو دەدات گەلــێ ســەرترە لەم جـۆرە کـارە خـۆبەخش و خێرخوازییـانەی کە لە لایەن هەنــــدێ کەســــی دڵپــــاک و کۆمەڵێــــک دامەزراوەی خێرخــوازییەوە ئەنجــام دەدرێــن. ئەگەرچــی ئەم جــۆرە چالاکییانە لە ڕووی ئەخلاقییەوە بەپێز و شـایانی پیاهەڵدانن، بەڵام قەت نــاتوانن ئەو چەشــنە زیــادکەوتە سیاســی و کــۆمەڵایەتییە بەرهەم بهێــنن کە نەریتــی سیاســیی لــێ دەکەوێـتەوە. ئەوەی لە کوردســتاندا دەور دەگێڕێـت و کـار دەکـــات "ئۆرگانیزاســـیۆنی کـــۆمەڵایەتی"یە و خـــاڵە جیـاکەرەوەکەیش ڕێـک هەر ئەم تایبەتمەنـدییەیە. شـۆرا و کۆمیتە خۆبەڕێوەبەرەکانی شـار و گوند لە هەمـوو تـوێژ و گروپەکان پێک هـاتوون و ئەمەش مانـای بەرهەمهێنانەوەی نەریتی سیاسیی هەناسەدرێژ و بەتەمەنی ئەم دەڤەرە.

لە یەکەم ڕۆژانــی شۆڕشــی ١٩٧٩دا کە زۆربەی هێــزە خەباتگێڕەکــانی ئێــران، کە زۆربەشــیان چەپــگەرا بــوون، شـــەیدای دروشـــمە بە ڕواڵەت "دژەئیمپریالیســـتی"یەکانی دەســـەڵاتی تازەســـەرهەڵداوی مەزهەبیــی ئێــران ببــوون کە چـــاوەڕێی هـــاتنی ئیمـــامی زەمـــانی دەکـــرد!، هێـــزە

پێشکەوتنخوازەکانی کوردستان کە هەوڵی زۆریان دابوو خەباتگێڕانی ئێران لەو خەوە گومڕاکەرە بەخەبەر بێنن، دەستیان دایە دروستکردنی مۆدێلێکی نوێ و کەمتر ناسراوی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا. ئەم مۆدێلە لەسەر بنەمای بەشداریکردنی ئاسۆیی جەماوەری خەڵک دامەزرابوو؛ دامەزراندنی یەکێتی و سەندیکا جۆراوجۆر و پڕهەژمارەکان و پێکهێنانی شۆرای شار و گوندەکان لە ڕیزی ئەو کارانەدا بوون کە خەباتگێڕانی کوردستان ئەنجامیان دەدان. بەڵام هەوڵەکانی ئەوان لەمەدا کورت نەبوویەوە و هەموو ڕووبەر و پانتاکانی کردەی سیاسیی گرتەوە، ئەو کاتە باشتر لەم باسە تێدەگەین کە ئاوڕ لە بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی خەڵک لە وتووێژەکان و بڕیارە سیاسییەکاندا دەدەینەوە. ئەم ئۆرگانیزاسیۆنە ئاسۆییەی کۆمەڵگا تەنانەت لە بڕیارە سیاسییە گەورەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە و لە مێژووی ئەو سەردەمەدا تۆمار کراوە، بۆ وێنە دەشێت ئاماژە بە ئایدیای ڕووناک و کاریگەری «کۆچی مێژوویی خەڵکی مەریوان» بکەین کە لێرەدا دەرفەتی گێڕانەوەی تەواوی چیرۆکەکەمان نییە. با هەر ئەوەندەی لێ بگێڕینەوە کە خەڵکی شار ڕاستەوخۆ ئاگایان لە وتووێژەکانی نێوان بەڕێوەبەریی خۆسەر و نوێنەری لووتبەرزی دەوڵەتی ناوەندی (موستەفا چەمران) هەبوو و هەڵبژاردن و بەڕێوەبردنی ئایدیای

کۆچی مەریوان دەقاودەق بە ڕێگەی بەشداریی هەمەلایەنەی هەمان ئەو خەڵکەدا هاتە کردن. ئەو خەڵکە نە چاودێرێکی ڕووت بوون، نە کۆمبارس و نەش ڕازێنەرەوەی کۆڕ و کۆمەڵ، بەڵکوو "سووژەی سیاسی" و بکەرانی ڕاستەقینەی دیاریکردن و نووسینەوەی چارەنووسی خۆیان بوون.

هەرچەند ئەزموونی سەرکەوتووانەی سەرەتای شۆڕشی کوردستان تەمەنێکی درێژ نەژیا، بەڵام زیادکەوتەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هێندە بەنرخ و بزۆزی لێ کەوتەوە کە تا هەنووکەش کۆمەڵگا لە بەر و بەرهەمەکەی دەخوات. بێگومان ژیانی ئێمەی مرۆڤ هەمیشە بارگاوی و یەکانگیر دەبێت لەگەڵ کۆمەڵێک ڕووداو و کارەساتی جۆراوجۆری سروشتی و ناسروشتیدا، بەڵام ئەوەی لە هەمبەر ئەم دیاردانەدا بەهێزمان دەکات و سووژایەتیی مرۆڤ دەکاتە ماکی دیاریکەر، شێوازی بیرکردنەوەمانە لە بیچمبەندی و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانمان. تێڕوانینی گشتیی ئێمە لەم بەستێنەدا و شێوازی بیرکردنەوەمان لە هەندێ چەمکیی گشتیی وەک ئازادی و دادپەروەری و مافەکانی مرۆڤ، بە توندی گرێدراوی ئەو لێکەوتە و زیادکەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەیە کە لە نێودڵی ڕووداوەکانەوە هاتوونە بەرهەم. دواجار خودی ئەو کەڵەکەبوون و خولقاندنەوەی

کـرده و ئەزموونـانەیە کە دەرفەتـی ژیانـدنەوەی سیاسـەتی ڕزگـــاری دەڕەخســـێنن. هەڵســـوکەوتی ئیجابییـــانەی ئەمێســتاکەی کۆمەڵگــای کوردســتان لە ئاســت دیــاردەی کۆرۆنادا، کە وەک وترا لە نێودڵی نەریتی بەتەمەنی سیاسـی و کـۆمەڵایەتیی ئەم کۆمەڵگـایەوە هەڵقـوڵاوە، دەبێـتە هـۆی دەوڵەمەنــدبوونەوەی خــودی ئەو نەریــتەیش و هاوکــات لەگەڵ ئەوەدا کە کــــردە و ئەکتەکــــان بەرهەســـــتتر و بابەتییـانەتر دەبـنەوە، وردەوردە بەسـتێنی مایکرۆسیاسـەت ئـاوێتەی سیاسـەتی گشـتی و گەورەتـر دەکـات، بەم چەشـنە دەشـێت هیـوایەکی زۆر زیـاتر و ڕووناکترمـان بە ڕابـوون و ژیانەوەی سیاسەتی ڕزگاری هەبێت .

ئەگەر بڵێین بە گەڕانەوە بۆ ئەم جۆرە ڕوانینە دەتوانین وەڵامێـک بـۆ پرســیارەکەی ســەرەتا بـدۆزینەوە، ڕەنــگە کەسـانێک پێیـان وا بـێ قسـەیەکی قەبە و بگـرە وەهمیمـان کردووە، بەڵام بە ڕای من ئـاوا شـتێک مومکین و شیاوە. لە ڕاســتیدا شــاکلیلی دەربــازبوون لە مەترســیی هاوکــات و ئــــاوێتەی ناکـــارامەیی دیمۆکراســـییەکانی ڕۆژئـــاوا و دیسپۆتیســم و ملهــوڕیی دەوڵەتە تۆتالیتەرەکـان بـریتییە لە گەڕانەوە بـۆ ئایـدیای یۆنـانیی بەشـداریکردنی ڕاسـتەوخۆی خەڵـک لە سیاسـەتدا. نـابێ کـارامەیی هەنـدێ دەوڵەتـی وەک چین لە پرسـی بەرنگـاربوونەوەی کۆرۆنـادا وامـان لـێ بکـات ئایدیای گەڕانەوە بـۆ زەروورەتـی زیندووکردنەوەی لیڤیاتـان

هەڵێنجین و پیمان وا بێ هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی دیکەمان لە بەردەمدا نییە. تۆتالیتەر و هێزپەرستان هەمیشە ساتەوەختی کارەسات بە ساتەوەختێکی زێڕین دەزانن، کارەسات کائوس بەرهەم دێنێ و ئەمەش ڕێک ئەو بیانووەیە کە ئەوان زەقی دەکەنەوە و لە ڕێگەیەوە جەماوەر تەلیسمی زلهێزیی خۆیان دەکەن و دەیانخەنە دۆخێکی ئاخرزەمانییەوە، ئینجا لەوپەڕی دڵنیایی و ئارامیدا دەست دەدەنە بەرینکردنەوەی دەسەڵاتی خۆیان. تاکە ڕێگەی بەرنگاربوونەوەی ئەم هەوڵە تۆقێنەرەی دەسەڵاتداران بریتییە لە تێکشکاندنی پێکهاتە ئایدیۆلۆژیکەکەیان، ئەمەش مومکین نییە مەگەر ئەوەی پێناسەیەکی نوێ بۆ پێکهات و پێوەندییە بنکەوتووەکانی کۆمەڵگا بکەین و ئینجا پێوەندییەکانی نێوان خەڵک و نێوان خەڵک و دەسەڵاتداران سەرلەنوێ دابڕێژینەوە. دەبێ تەلیسمی دۆخی ئاخرزەمانی پووچەڵ بکەینەوە و ئەمەش تەنیا لە ڕێگەی ئامادەبوونی خەباتکارانە و ڕاستەقینەی خەڵکەوە لە نێودڵی کارەساتدا دێتە دی.

بەم پێیە، ڕێکخستنی خۆسەر و خۆکردی خەڵک بۆ بەرنگاربوونەوەی کۆرۆنا یان هەرچەشنە کارەساتێکی هاوشێوەی دیکە، لە خۆیدا دەشێت چەشنێک زیادکەوتەی ڕزگارکەری تۆکمە و هیوابەخش بەرهەم بهێنێ کە وەک بنەوان و بنەما بشێت بۆی بگەڕێنەوە و ماڵی لە سەر

بکەیـــنەوە. دەتـــوانین ئەم شـــتە نـــاو بنێـــین «ژیـــانەوەی سیاســەتی حەقیقــی لە ســاتەوەختی کارەســاتدا»، ڕێـک ئەم خــاڵەیە کە ئەکتــی چالاکــانەی کۆمەڵگــای کوردســتان لەم قۆنــاغە مێــژووییەدا دەکــاتە شــتێکی گرنــگ و بەپێــز و جێسـەرنج. سـووژەی سیاسـی ڕێـک لەم سـاتەوەختانەدا لە دایـــــک دەبـــــێ، ئەو ســـــووژەیەی نەتەنیـــــا بە گـــــژ دەستەوەســـتانبوون و گەنـــدەڵیی دەســـەڵاتدا دەچێـــتەوە، بەڵکـوو لە ئاسـۆی درێژخـایەنی خۆیـدا دەستنیشـانکردنی ئەڵتەرناتیڤ بۆ سیستەمی باڵادەستیشی لە بەرچاو گرتووە. ئەگەرچــی بێگومــان گشــتاندن و هەنــاردنی ئەم مۆدێـل و ئەزمـوونەی کوردسـتان بـۆ کۆمەڵگاکـانی تـری نـاوچەکە، لەبەر ئامـادەنەبوون یـان لاوازبـوونی ئەو نەریـتە سیاسـییە هـاوپێچ و پێویسـتەی لە کوردسـتاندا هەیە، گەلـێ ئەسـتەم و سـەختە، بەڵام دەبـێ ئەوپەڕی هەوڵمـان بـۆ بەدیهـاتنی ئەم مەبەســتە بخەیــنە گەڕ. کۆرۆنــا دواهەمــین کارەســاتێکی گشتگیر نییە کە هەڕەشـە لە مرۆڤایەتی دەکات، ڕۆنـانی ئەو بنەمــا و بونیــادانەی یــارمەتیی لەدایکبــوونەوەی ســووژەی سیاسی دەدەن، دەبێ لە نێودڵی خودی کارەساتەوە دەست پێ بکات.

## دۆخی ئاوارتەی ڕاستەقینە

### مەنسوور تەیفووری

١. هـــیچ شـــتێک لە پشـــتەوەی سروشـــتەوە نەشـاردراوەتەوە، هـیچ دەسـتێکی لە پشـتەوە نییە، سروشـت هـیچ هۆشـیاری یـان ئەقڵانییەتێکی تێدا نییە. هێزی هەیە، لە کـــاتی جیـــاواز و چـــرکەی جیـــاوازدا دەتـــوانێ هەمـــوو بوونەوەرانی مرۆیی بتاسێنێت، بەڵام چونکوو تەنیا ئەوانن کە شـۆک دەبن و لە نێو زیندەوەراندا تەنیا مرۆڤەکانن کە وادەزانـن بەسـەر سروشـتدا زاڵ بـووبێتن یـان دەتـوانن بە جۆرێـک، بە نـزا و لە ڕێـگەی خـودا یـان خوداکـانەوە، بە قوربـانی یـان پـاڕانەوە، ڕازیـی بکەن و تـووڕەییەکەی خـاو بـکەنەوە، لە کاتێکـدا لە هەمـوو ئەم پرۆسـانە و کـۆی ئەم ڕەفتارانەدا، کۆمەڵێک سیفەتی مرۆیی وەک هۆشیاری، رق، تۆڵە، هەست، شـادی و ئاشـتی دەدرێتەوە پـاڵی. کەچـی لە سروشـتدا تەنیـا هاوکێشـە لـۆژیکی و بیرکارییەکـان هەن. سروشـــت بەپێـــی هەنـــدێ هاوکێشـــەی ماتمـــاتیکی یـــان بیرکارییـانە دەگەڕێـت، نەک بەپێـی ئەرک، هۆشـیاری یـان

هیوایەک. سروشت هەیە، یاسا ماتماتیکییەکانی خۆی هەیە و هەمـــوو شـــتێکیش تێیـــدا بەپێـــی کاریگەرییەکـــان و هاوکێشەکان و کار، کاردانەوە، هۆ و هۆکرد دەڕوات. بۆیە ئەوەی کە پەتا یان کارەساتە سروشتییەکان زادەی جۆرێک ئەقڵانییەتی نێو سروشت خۆی بن، تەنیا دانەپاڵی سیفەتی مرۆییە بە بوونێک کە خاوەن ئەقڵانییەتێک نییە بۆ ئەوەی ئەم سیفەتانەی هەبێت. سروشت بەتاڵە لەمانە و ئەوەش کە خوداکان بەپێی ئەو دروست کراون، تەعبیرە لە بێهێزیی ئەزەلیـــی مـــرۆڤ بەرامـــبەر ئەم هێـــزانە و هەوڵ بـــۆ ئاشتکردنەوە لەگەڵیان. جادوو لاساییکردنەوەی سروشتە و قارەمانی ئەفسانەیی دەبێ شتێک لە هێزەکانی سروشتیان تێدا بێت، هەروەک فریشـتەکان کە هەر یەکەو خـاوەن و نـوێنەری هێزێـک و بـوویەکی سروشـتن. بەڵام ئەوەی سروشت هەڵبژێرێت کە پەلامار بدات و کەی پەلامار بدات، بەرهەمی بوونی هیچ هۆشیارییەک یان هەڵبژاردنێک نییە، سروشت نیشان ناپێکێ، بۆیە هەر هەوڵێک بۆ شرۆڤەی دیاردە و کارەساتە سروشتی و مرۆییەکان بەپێی بوونی ئەقڵانییەتێـــــک لە پشـــــتەوەی سروشـــــت، هەوڵ و ڕوونکردنەوەیەکـی هەڵەیە و ڕیشـەکەی راسـتەوخۆ تـا ئەفسانەکان دەچێت. ئەمە مانای ئەوە نییە کە مرۆڤ بە دەسـتکاریی سروشـت و بـوونی خـۆی تێیـدا، کـاری توخمەکـانی دەگۆڕێـت و هەنـدێ جـار ئەمە بە پـێچەوانەی

بەرژەوەندییەکانی بەشیکی مرۆڤ خۆی دەکەوێتەوە، واتە زاڵبوون بەسەر سروشتدا کە ئەنجامەکەی دەگاتە زاڵبوون بەسەر مرۆڤدا. توانەوەی سەهۆڵەکانی بەستەڵەکی باکوور و گەرمبوونی زەوی، بەرهەمی دەستکاریی مرۆڤە لە سروشتدا، بەڵام هیچ یەک لەمانە زادەی هەڵبژاردنی سروشت نین. هیچ پەتا و ڤایرۆسێکیش زادەی هۆشیارییەک نییە و تۆڵەی سروشت نییە، بەڵام زمانیش تەنانەت لەسەر ئەم باوەڕە دانراوە کە سروشت گیانی هەیە و بگرە جۆرێک هۆشیاریی و هەستیش.

٢. سەرمایەداری لووتکەی هەوڵی مرۆڤە بۆ دەسەڵات بەسەر سروشتدا، لەم پرۆسەشدا مرۆڤەکانی دیکە دەبنە بەشێک لەو دنیایەی کە دەبێ دەستی بەسەردا بگیرێت، هەر لەم پرۆسەدایە کە مرۆڤەکانی دیکە دەبنە بەشێک لەو شتەی کە قابیلی دەستبەسەرداگرتنە. سروشتیش لێرەوە، لە وشەیەکەوە بۆ پێناسەی دنیای ناخی مرۆڤ، دەگۆڕرێت بۆ وشەیەک بۆ ناونانی دونیای دەرەوە. ئەگەر لای یەکەم پەرەدەران، یەکەم خەونە فاوستییەکانی گۆڕینی دنیا (فاوست کە بیری لەوە دەکردەوە شەپۆلەکان بۆ بێهوودە شەپۆلان بدەن) ئارەزووی ڕکێفکردنی سروشت بە قازانجی بەرژەوەندییەکی گەردوونی زاڵ بوویێت، ئەوە ئەم ئارەزووە زۆر زوو نامێنێت و چیدی هیچ پەرەدەرێکی فاوستی لە ئارادا نییە، لە کاپیتالیسمدا هیچ شتێک نییە

قابیلی پێوان نەبێت بە بەرژوەندی و سوودی ڕووت. ئەم ڕستانە دەکرێ بێسنوور درێژە بدرێن و ئەم ڕۆژانەش بە هەموو جۆر و لە دەیان فۆرمدا دەیانبیستین. پەتاکە دەرفەتێکە بۆ وتنەوەی ئەوەی کە "من دەمێکە دەزانم مرۆڤایەتی لە بەردەم خەرەندەدایە" و هەموو وەرگێڕانە ئاخرزەمانییەکانی ئەم جۆرە بینینە، بۆ ئەمەش لە مارکسەوە تاکوو هایدگێر تێکەڵ دەکرێن و لە یەک ڕستەدا دەهێنرێنەوە، بەبێ ئەوەی مارکس هیچی بەسەر ئاخرزەمانەوە هەبێ، یان هایدگێر پێوەندییەکی بە ئابووریی سیاسییەوە. بەڵام ئەم ڕوانینە ئەوە لەبیر دەکات کە یەکەم: کۆتایی تەنانەت چەشنی مرۆڤ کۆتایی زەمان نییە و لە سروشتدا گەلێک چەشنی بەهێزتر هەبوون و نەماون، ئەگەرچی ئەمە پاساوی ئەوە نییە ئارەزووی مردنی ئەم چەشنە بکەیت "کە سروشت تێک دەدات و شایانی مردنە". ئەم ڕوانینە هاوکات ئەوەش لەبیر دەکات کە کۆی مێژووی سەرمایەداری، ئەم قەیرانە بەردەوامانەیە، لەم قەیرانەوە بۆ ئەوی دیکە و، هەمیشەیش سەرمایەداری بەپێی جۆرێک فیزیۆکراتیسم تەنیا خۆی گونجاندووە و هەوڵی داوە هەموو قەیرانێک بکات بە قازانج، لە کاتی قەیران خۆیدا یان دواتر. تەنانەت سیمای چێگڤارا دەکرێ بدرێت لە تیشێرت و ژیژەک بکرێتە ستوونی رۆژنامە و برەندی فیکری. کێشەیەکی دیکە لەم بینینەدا ئەوەیە کە شتێکی ئەفسانەیی و

میتیکــی تێــدایه: بــڕوا بەوەی کە ســـەرمایەداری بەپێـــی ئەقڵانییەتێکـی ڕەهـا دەگەڕێ و هەمـوو شـتێکی بەدەسـتە و "هەر تەکانێک تەنیا ئەڵقەکانی زنجیرەکان توندتر دەکاتەوە" و هەمـوو شـوێنێک گیـراوە و مـرۆڤ لەم بـۆتە جـادووییە دەســـتکردەدا، کە هەنـــدێ کەس و بنەمـــاڵە دەیگیـــڕن، تـەواوەتەوە، دانەپـاڵی وەهـا ئەقڵانییەتێکـی تەواو و بێنەقس بە سـەرمایەداری، گـۆڕینیەتی بـۆ شـوێنی ئەفسـانەیی خـودا و ئەمەش هـیچ سـووژایەتییەک بـۆ "کۆیلەکـان"ی بەردەسـتی ئەم خودایە قابیل نییە. ڕەگە ئوسـتوورەییەکانی ئەم بینینە بە ئاشـکرا دیـارن و ڕوونە چەندە لە بەری گوتـاری کارەسـات و بــوون-لە-لێــواری-کارەســـات و ژیـــان-بەرەومەرگــدا دەخـــوات، ئەم ڕوانـــگە پێشـــتر ئامـــادەیە بـــۆ جۆرێـــک ئاخرزەمـــان: یـــان شۆڕشـــێکی کۆتـــایی و یـــان کۆتـــایی مرۆڤـــایەتی. کەچـــی هەر خـــودی ئەم گوتـــارەش، بە ڕەگە ئەفسـانەییەکانیەوە و بە گـۆڕینی سـەرمایەداری بـۆ کـۆیەکی ســـەرتاپای بـــێ کەلەبەر و نـــاکۆکی و، بە بەســـتنەوەی ئەقڵانییەتێـک پێـیەوە، وێـنەی ماشـینێک دەکێشـێت کە تەواو ئەقڵانیـیە، ماشـینێک کە ڕەگـی لە شـهودەکانی یووحەننـادایە کە تێیـــدا خـــودا بە ماشـــینێکی گەورەوە دێـــت، خەونـــی ماتریکس .

٣. هەمـوو دەوڵەتەکـان، وەک تەنیـا فـۆرمی ڕەواکـرا و شـەرعییەتپێدراوی دەسـەڵاتداری، وەک یەکەم دەسـەڵات بـۆ

موڵکداری بە سەر شتەکان و گیانەکاندا، بە سەر ژیاندا، ناتوانیی خۆیان لە بەرامبەر وەرچەرخانەکانی سروشتدا نیشان داوە و دەدەن، ئەوان ژیانیان کردووەتەوە بابەتی خۆیان، ژیان ئاڕاستە دەکەن و فۆرمی خۆیانی پێ دەدەن و ئەمەش دەسەڵات دەکاتە ژین-دەسەڵات یان هەمان بیۆپاوەر. بەڵام ئەم پەتا دواییینە نیشانی دا کە تەنیا دەسەڵاتیان ئەوەیە هاووڵاتییان قەرەنتینە بکەن و، لە کوێیش دەوڵەت دەسەڵاتی هەبێت "بەڵێن" بدات کە هاووڵاتییان لە برسێتی بپارێزێت، ئەگەرچی تەنیا بە قەرەنتینە و بەستنەوەی ئۆبژەکانی خۆی، مەوالی یان رەعیەتەکانی نێو دەزگای مافناسانەی پادشایەتی، دەتوانێ خۆی بپارێزێت، بە ڕاگەیاندنی دۆخی ئاوارتە، ئەو دۆخەی کە بنچینەی هەموو حکوومەتەکانی لەسەر دامەزراوە. نزیکی هەشتا پێش ئێستە، والتر بنیامین، بەرامبەر فاشیسم وەک "دۆخی ئاوارتەی بەردەوام" رایگەیاند کە پێویستمان بە " دۆخێکی ئاوارتەی ڕاستەقینەیە". ئەم ڕستە مەتەڵاوییە هەمیشە و کاتێک دەوڵەت دەست بۆ دۆخی ئاوارتە دەبات، گرنگایەتیی خۆی پیشان دەداتەوە. لە سەردەمی ئێمەدا و بەرامبەر ناتوانیی دەوڵەتەکان بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانی پەتای کۆرۆنا، ئەم ڕستە بە چ مانایە؟ دەوڵەتەکان وەک خاوەنی ڕەهای هەموو شت نیشانیان دا کە ناتوانن، هەندێک مووچەیەک دەدەن بۆ درێژەدانی ژیان، هاوکاتی

ئەوەش کە شـــارەزایانی ئـــابووری دەســـتیان پـــێ کـــردووە ئاگادارمـان بکەنەوە گەر دۆخەکە بخایەنێت ئەوە قەیرانێکـی وەک ســـاڵانی پـــاش دووهەم شـــەڕی جیهـــانی بەرۆکـــی مرۆڤایەتی دەگرێت. بەڵام ئەمە زیاتر دیسـان تەنیا قەیرانی زۆرینەیەکـــی بێدەســـەڵات و بێســـەرمایە دەبێـــت، کاتێـــک ســـەرچاوەکانی ئـــابووری کەمکەم هەرەس دێـــنن و پـــارە بەهـای نامێنێت، چونکـوو هـیچ بـۆ کـرێن نامێنێت و کـڕین پـارەی زیـاتری پێویسـت دەبێـت، وەک هەر سـەردەمێکی قـاتوقڕی. ئەم دۆخەی ئێسـتە درێـژەی دۆخـی ئـاوارتەیە و دەوڵەت خەزێـنەی بەتـاڵە بـۆ ئەوەی بـڕی پێویسـتی پـارە تەرخـان بکـات، تەنـانەت دیمۆکراسـییەکانیش یەکەم کەس بوون ملیان بە جۆرێک دۆخی شەڕ دا، هەر چۆن سـەرۆکی فەرەنسـا ئەمەی بە ڕوونـی ڕاگەیانـد. کەچـی هەر لە پـاڵ ئەمەدا، چەنـــد نیشـــانەیەک دەرکەوتـــن کە نیشـــانەیان لە بنچیـنەیەک گرتـووە. کەسـایەتییەکی ئیسـپانی گوتبـووی: "پارەی ١٨٠٠ یۆرۆ دەدرا بە تـوێژەران و کەچـی میلیارد بە مێسی و ڕۆناڵدۆ، دەی با ئەوان بێن و چارەی بکەن". ئەمە تا ئەوێ ڕۆشت کە دەوڵەتی ئیسپانیا مەجبوور بێت واز لە بنچیـنەی پیـرۆزی موڵکـداریی تـایبەت بهێنێـت و هەنـدێ بیمارسـتانی کەرتـی تـایبەت نەتەوەیـی بکـاتەوە. ئەم هەواڵە زۆر بـاس نەکرا، بەڵام دەوڵەت ناچـار بـوو دان بەوەدا بنێت کە ئەمـانە زیـادین، هەروەک بینـای فیسـتیڤاڵی کەن کە کرایە

شـوێنی حەسـانەوەی تووشـبووانی کۆرۆنـا. سـەرچاوەکان بەش نـاکەن و کارخـانەی ئۆدۆکۆلـۆنی "ئیـڤ سـەن لـۆرەن" خەریکی بەرهەمهێنـانی ژێلـی دەسـتە دژ بە کۆرۆنـا. ئەمە لە کاتێکدایە کە دەردەکەوێت سی سـاڵە لە فەرەنسـا و هاوکـاتی کشانەوەی دەوڵەت لە خەونەکانی دەوڵەتی خوشگوزەرانی، بـوودجەی خەسـتەخانەکان و کەرتـی تەندروسـتیی گشـتی خەریـکە کەم دەکـرێتەوە و کەمتـرین پـارە بـۆ لێکـۆڵینەوە خەرج دەکرێـت، تەنـانەت ڕاپـۆرتی توێژەرێـک باسـی لەوە کـردووە کە لە دوای هـاتنی ئانفلۆئـانزای باڵنـدە، سارسـی یەک، دەوڵەتیـان ئاگادار کردووەتەوە کە پەتـای باڵندە دەبێ تـوێژینەوەی لـێ بکرێـت و ڤایرۆسـەکە دەتـوانێ خـۆی بگۆڕێـت. دۆخـی ئاسـایی بەردەوام دەبێـت و دەوڵەت خەریکـی قەرز و خەرج دەبێـت لە خەزێـنەی گشـتی، بەڵام ئاخۆ ئەمە هەر ئەو بوارە نییە کە هەمیشە دەبوا دەستی بۆ ببرێت: موڵکداریی تـایبەت پیـرۆز نییە و نـابێتە بنچینەیەکی پتەو بۆ دامەزراندنی سیستەمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاکـان. دۆخـی ئـاوارتەی ڕاسـتەقینە ئێسـتە خەریـکە لە شـێوەی ئەنجومەنی گەڕەک و شارەکاندا خۆی پیشان دەدات. ڕاستە ئەمە دەکرێ بەشێکی بەرهەمی ترس بێت، بەڵام تەعبیریشـە لەوەی دەکرێ ئەم فۆرمانە پشتیان پێ ببەسترێت، بەرامبەر دەوڵەت کە دامـاو بـووە و نـاتوانیی خـۆی دەرخسـتووە. دۆخـی ئـاوارتەی ڕاستەقینە ڕەنگە خۆی بۆ ئەوە تەرجەمە

بکات کە هیچ بیمارستان و خەستەخانەیەکی کەرتی تایبەت پیــرۆز نیــیە و هەمــووی دەبــێ بخــرێتە خزمەتــی تووشبووانەوە، بەم ڕوانینەشەوە کە ئێمە بەردەوام تووش دەبینەوە، بۆیە هیچ کات ئەوەی کراوە بە مولّکی گشتی نابێ بدرێتەوە، هەر لەبەر ئەوەی کە قەیرانەکان تا دۆخی دونیا وەها بێت، دێن و دێن .

٤. ئەم دۆخە ئاوارتە ڕاستەقینە هیچ شتێکی هاوبەشی لەگەڵ شۆڕشێکی دوایین نییە، لەگەڵ غەزەبی خوایش هیچ پێوەنــدییەکی نیــیە، هیچیشــی هــاوبەش نیــیە لەگەڵ ئەو ڕوانــگەی کە دەڵــێ مرۆڤــایەتی پێویســتە تێــدا بچێــت و ئارەزووی مەرگی خۆی دەردەبڕێت. هیچ مەیلێک بۆ مەرگ لەم ڕوانــگەدا نیــیە. ئەم دۆخە تەنیــا لێــرەیە بــۆ ئەوەی هەرجۆرە ئەقلانییەتێک لە سروشت، خودا، سەرمایە یان مێــژوو دامالێــت، مێــژوویەک کە مارکسیســم و ڕوانــگەی دێترمینیستیی بەشێک لە چەپ تێیدا ڕزگارییان بە حەتمی و زەرووری دەزانــــی. بەڵکــــوو ئەم دۆخە بە ســــەندنەوەی خەیــاڵی جۆرێــک ئەقلانیــیەت و حەتمیــیەت لە سروشــت و مێژوو، ڕاگرتنی کاتی قەیرانە، وەک کاتێکی ئەزەلی. ئەو ڕوانگەی دەشێت مێژوو وەها ببینێت کە دەتوانێ ئەگەر و نیشانەکانی وەستانی ڕەوڕەوەی مێژوو ببینێت و مێژووی قەیرانیش ببینێت. ئەوانەی کۆلانەکان بە دزییەوە دەبڕن بۆ ئەوەی لە دەرگاوە هەواڵی کەسێک بزانن، ئەوانەی ترس

فەلەجی نەکردوون و لە دڵی وەحشەتدا فۆرمی بچووک و پەرتەوازە و بەکۆمەڵی هاوکاری و هاوسۆزیی مرۆیی دادەهێنن، لە گەڕەک یان شارێکدا خۆیان ڕێک دەخەن و فۆرمی نوێ دادەهێنن و بەبێ ناو و نەناسراو یارمەتیی یەکتر دەدەن، جادوویی نین، هەمان دۆخە ئاوارتە ڕاستەقینەکەن. دیارە ئەم فۆرمە دەبێ و پێویستە جیا بکرێتەوە لەو ڕانتخۆرە دەوڵەتییانەی (وەک ئەوەی لای دەوڵەمەندان لە باشووری کوردستان ڕوو دەدات) کە بە دزینی ئێمکانەکان و بێبەشکردنی هەژاران لێی، دەوڵەمەند بوون و ئێستە هاتوون و هەمان سەرمایەی دزراو خەرج دەکەنەوە، هاوکاتیی ئەوەی دڵنیان دەتوانن لە دونیای دوای کارەساتدا بە چەندین بەرامبەر بە ڕانتی دیکە قەرەبووی پارەکەیان بکەنەوە. هەمووان دەزانین دەمێک ساڵە پیشەسازیی سینەما مێشکمان بە فیلمی ئاخرزەمانی دەخنن و ئێستەش ئامادەین مل بەم ئاخرزەمانە بدەین. هەر چۆن دیندارانی ڕق لە دنیا و لە مرۆڤ نائومید، لە وێرانیدا خۆیان تەرجەمە دەکەن، ئەم فیلمانەش وێنەی کۆتایی دونیایان بە لافاو، شەڕ، پەتا و... پیشان دەدا. کەچی لە کۆتایی یان درێژەی زۆربەیاندا، لانیکەم بۆ ئەوەی گێڕەوەرێک هەبێت و زمان نەوەستێت و گێڕانەوە مومکین ببێت، کەسانێک هەن کە نەخۆش ناکەون و سەرەڕای هەموو ترسەکان، مرۆڤ دەمێننەوە و بەرگری دەکەن و، لە دواییشدا

سروشـت یـان ئەقـڵ فریـا دەکەوێت. بەڵام هەمـوو شـتێک، کـۆی فـیلمەکە، بەسـتراوە بە مـانەوەی ئەوانەوە، بـۆ ئەوەی هەمـــووان وەک ڕۆمـــانی کـــوێریی ســـاراماگۆ، "کـــوێر" نەبووبێتن و ئەم تـاکە ڕوونـاکییە هەوڵ بۆ ژیـانەوەی دونیـا دەدات. ئەمە نـــاوەرۆک و بەڵێنــی زمــان و گیــڕانەوەیە، کە تەنانەت فیلمەکانیش بۆ بەردەوامـی پێویسـتیان پێیەتـی. تەنیـا ئەم خـــاڵەیە دەکــرێ لێــیەوە بیــر لە کارەســـات و "دوای کارەسـات" بکـرێتەوە، ئەگەرچـی ماتریالیسـتێکی مێژوویـی لەسـەریەتی وێنەکـانی ڕزگـاری لە مێژوویەکدا کە ڕووی لە ڕووخـــانە بناســـێتەوە، ئەو وێنـــانەی دۆخێکــی ئـــاوارتەی ڕاستەقینەن.